Available online at http://aran.garmian.edu.krd

Aran Journal for Language and Humanities

https://doi.org/10.24271/ARAN.25.01-02-02

# ڕۆڵی تراکی دەنگی لە ژانری فیلمی کوردیدا

**خەندە سیف الدین حویجە**

بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستان – عێراق

**Article Info**

| | |
|---|---|
| Received | **July, 2025** |
| Accepted | **August, 2025** |
| Published: | **October, 2025** |

**Keywords**

**کلیلە وەشە: ڕۆڵ، تراکی دەنگی، ژانری فیلم.**

**Corresponding Author**

khanda.hawija@univsul.edu.iq

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە، کە بەم ناونیشانە خراوەتە ڕوو**(ڕۆڵی تراکی دەنگی لە ژانری فیلمی کوردیدا)** لە سەرەتاوە تا کۆتایی بە چەند هانگاوێکی یەک لە دوای یەک ئەنجامدراوە. کە یەکەم هەنگاو بەو کێشەیە دەستپێدەکات (تراکی دەنگی چ ڕۆڵێک دەگێڕێت لە پێناسەکردنی ژانری فیلمی کوردیدا؟ ئایا تراکی دەنگی ڕۆڵی سەرەکی یاخود یارمەتیدەر دەگێڕێت لە فیلمی کوردیدا؟) کە ئامانجی سەرەکی تێگەشتن لە ڕۆڵی میوزیک لە فیلمدا . تێگەشتن لە چۆنیەتی دەستنیشانکردنی ئەو میوزیکەی، کە لەگەڵ ژانری فیلمەکدا دەگونجێت. تێگەشتن لە چۆنیەتی دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان تراکی دەنگی و فیلم. توێژینەوەکە پشتی بە میتۆدی وەسفی شیکاریی بەستووە و بەشێوەیەکی مەبەستدار هەر دوو فیلمی(١٩٨٨- ئاڵودەی) وەک سامپڵی توێژینەوەکە هەڵبژاردووە. لە گرنگترین ئەو ئەنجامانەی توێژەر پێگەشتووە بریتییە لە:( میوزیک ڕۆڵی سەرەکی هەیە لە فیلمی ١٩٨٨دا نەک لاوەکی، کە لە فیلمی ئالودەدا کەمتر ئەو ڕۆڵە دەگێڕێت. کۆمپۆزەر لە فیلمی ١٩٨٨ توانیویەتی میوزیک لەگەڵ ژانری فیلم بە گشتی و پەیامە دیار و نادیارەکانی نیو فیلمەکە بگونجێنێت. ئەرکی هەریەکەیان لە دیمەنی گونجاودا بەرجەستە بکات، بەراورد بە فیلمی ئالودە کە، میوزیک کەمتر هاوتایە لەگەڵ ژانر و دیمەنە پڕ لە توندتیژییەکان. میوزیک لە فیلمی ١٩٨٨لەگەڵ دیمەنەکاندا دەبێتە مایەی گوزارشت کردن لە هەستە جیاوازەکان بۆ پەلکێش کردنی بینەر، بە هۆی ئەو پەیوەندییە هارمۆنییەی لە نێوان تراکە دەنگییەکان و چیرۆکی فیلمەکەدا هەبوو، لە فیلمی ئالودەدا چەلۆ ئامێرێکی دیارە،کە ئاوێزانی نێو دیمەنە پڕ لە توندوتیژ و پڕ لە ئازار و نائومێدییەکانە کە تاڕادەیەکی زۆر لە هەموو دیمەنکاندا وەک یەک ئەرکی گوزارشتکردنی هەبوو.

## پێشەکی:

تراک بە تەنها باکگراوەندێکی دەنگی نییە لە فیلمدا، بەڵکو دەبێتە زمانێک بۆ گوزارشتکردن لەو هەستە کپ و شاراوانەی کە وشە ناتوانێ وەریانبگێڕێت، هاوکات فۆڕمێکی درامی قوڵ دەبەخشێتە دیمەنەکان. میوزیک دەرخەری تایبەتمەندی و ڕوانگە جوانەکانی فیلمن، ڕەهەندێکی فەلسەفی گەیاندنی هەست و زەقکردنەوەی دینامیکی پلۆتە بە شێوەیەک کە وشەکان بە تەنیا ناتوانن لەگەڵ وێنەکەدا بیانگەیەنن. سەرکەوتووترین تراکە دەنگییەکانیش ئەوانە نین کە کار بۆ هاوشێوەکردنی چەمکی ڕووداوەکە دەکەن، بەڵکو ئەوانەن کە لە ڕێگەی ڕووداوە سینەماییەکانەوە جوانیناسی دروست دەکەن، واتا مەرج نیە میوزیک ڕەوتی چیرۆک بگرێتەبەر، ئەوەندەی کە دەبێ بە پێچەوانەوە بڕوات. بەم شێوەیە تراکی دەنگی دەبێتە ڕەگەزێکی سەربەخۆ لە ڕووداوەکاندا کە بە شێوەیەکی هونەری و هۆشیارانە بەشداری لە ڕەگداکوتانی کارە سینەماییەکان دەکات. هێڵێکی ئەفسوناویی دەخاتە پاڵ دیمەنەکان تا باشتر لەگەڵ وێنەکاندا بناسرێنەوە. تراکی دەنگی زۆرجار وەک ترپەی دڵی چیرۆکەکان ڕۆڵ دەگێڕێت، وێنە سینەماییەکان دەوڵەمەندتر دەکات. پەیوەندی قووڵی نێوان تراکی دەنگی و چیرۆکگێڕانەوەیە، پەردە لەسەر هونەری هەڵبژاردنی میوزیک و توانای قووڵاییە سۆزداری و بابەتییەکانی فیلمێک لادەبات. لە ڕێگەی نموونە ئایکۆنییەکانەوە ئێمە تێدەگەین کە چۆن تراکی دەنگی دەتوانێ ئەزموونە سینەماییەکان بگۆڕی، بۆ دروستکردنی پەیوەندی قووڵتر لەگەڵ بینەردا، و بەستنەوەی دیمەن و دیالۆگەکان پێکەوە بۆ ئەوەی دەست لە دڵی چیرۆکەکان بدەین، کە ئەمەش تەنیا زیادکردنێک نیە بۆ ئەزموونی بینراو بەڵکو ڕەگەزێکی سەرەکیە کە پردێک لە نێوان بینەر و گێڕانەوەکەدا دروست دەکات. یەکخستنی مۆتیڤە بابەتییەکان و مێلۆدییە دووبارەبووەکانە، ڕێبازێکە کە گێڕانەوە دەوڵەمەند و چینەکانی مانا زیاد دەکات و یارمەتی بەهێزکردنی ڕۆڵی کارەکتەر دەدات. ئەم توخمە میوزیکیانە وەک تارە نەبینراوەکان کاردەکەن بۆ ئەوەی چیرۆکەکان بەیەکەوە ببەستنەوە، بە هۆی ئەو هارمۆنییەی لەگەڵ دیمەن و پەیامەکانی ئەو دیمەنەوە دروستی دەکەن، کە تەنها لە هەست و هزری بینەردا مانا هونەرییەکانی بەرجەستە دەبێت. لە ڕووی زانستییەوە میوزیک بایەخێکی ئەوتۆی پێنەدراوە وەک ڕەگەزێکی دیاری نێو فیلمدا لە بواری فیلمسازی کوردیدا، بۆیە ئەم توێژینەوەیە کار لەسەر دەرخستنی ئەو ڕۆڵە دەدات کە تراکی دەنگی دەیگێڕێت لە نێو فیلمە کوردییە بەهەندوەرگیراوەکانی ئەم توێژینەوەیە، لە پێناو خزمەتکردنی ئەم بوارە دەرخستنی گرنگی لە نێو فیلمدا کە توێژینەوەکە بەشی یەکەمی پێکهاتووە لە میتۆدنامەی توێژینەوەکە، هەروەها بەشی دووەم تەرخان کراوە بۆ لایەنی تیۆری، بەشی سێیەمی تەرخانکراوە بۆ هەنگاوە پراکتیکەکانی توێژینەوە لەگەڵ خستنە ڕووی دەرئەنجام و پێشنیار و ڕاسپاردەکانی توێژینەوە، ئەم هەوڵەش لە پێناو زیاد کردنی زانیاریی پەیوەست بە بواری سینەما لە نێو زانستی فیلمسازیی کوردییدا.

## کێشەی توێژینەوە:

تێڕامان و ورد بوونەوە لە ڕەگەز و پێکهاتە سینەماییەکان هەمیشە مەودایەکی مشتومڕئامێز بە دوای خوێدا دەهێنێت، گەر لە خاڵێکەوە دەست پێبکات بەرەو خاڵێکی تر پەلکێشمان دەکات ئەمەش بە هۆی بەرفراوانی ئەم جیهانە پڕ وزە بەخشەی لە شوێنێکدا ناوەستێت، بەڵکو بەردەوام لە جوڵە و بزواتدایە. میوزیکیش وەک ڕەگەزێکی سەرەکی ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕێت شانبەشانی دیمەنەکانی ناو فیلم کە لە هزری بینەردا دەمێنێتەوە. بەهەند وەرگرتنی ئەم ڕۆڵەش توانا و سەلیقە دەوێت. کێشەی ئەم توێژینەوەیەش شیکردنەوەی پەیوەندی نێوان وێنە و تراکی دەنگی، و ڕۆڵی لە دروستکردنی کاریگەری سۆزداری و دەروونی لەسەر بینەر ، هەربۆیە لە چوارچێوەی ئەم پرسیارانەدا دەخرێتە ڕوو:

١- تراکی دەنگی چ ڕۆڵێک دەگێڕێت لە پێناسەکردنی ژانری فیلمی کوردیدا؟

٢- ئایا تراکی دەنگی ڕۆڵی سەرەکی یاخود یارمەتیدەر دەگێڕێت لە فیلمی کوردیدا؟

## گرنگی توێژینەوە:

١-لە ڕووی ئەکادیمییەوە ئەم توێژینەوەیە یەکێکە لە کارە ئەکادیمییانەی کە بەشێوەیەکی شیکاری ورد ڕۆڵی تراکی دەنگی لە دوو نموونەی سینەمایی نوێی کوردیدا دەخاتە ڕوو، ئەم کارە ئەکادیمییە لە پێداچوونەوەیەکی گشتی تێپەڕیوە و شیکارییەکی میتۆدیی بۆ پەیوەندی نێوان وێنە و تراکی دەنگی پێشکەش دەکات.

٢- گرنگییەکی تری ئەم توێژینەوە ئەوەیە کە تەنیا وەک توخمێکی لاوەکی سەیری تراکی دەنگی ناکات، بەڵکو دەیسەلمێنێت کە چۆن تراکی دەنگی لە فیلمەکانی ئالودە و ١٩٨٨ وەک ئامرازێکی چالاک بونیاتنانی دەروونی کارەکتەر دروستکردنی گرژی گێڕانەوەکانی فیلمەکە بەکارهاتووە.

## ئامانجی توێژینەوە:

١- تێگەشتن لە ڕۆڵی میوزیک لە فیلمدا .

٢- تێگەشتن لە چۆنیەتی دەستنیشانکردنی ئەو میوزیکەی کە لەگەڵ ژانری فیلمەکدا دەگونجێت.

٣- تێگەشتن لە چۆنیەتی دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان تراکی دەنگی و فیلم.

**میتۆدی توێژینەوە:** توێژەر پشتی بە میتۆدی وەسفی شیکاری بەستوە بۆ وەسفکردن و خستنەڕووی وردەکاری توخمە دەنگییەکان و چۆنیەتی بەکارهێنانی لە فیلمدا، هەروەها بە ئامانجی شیکردنەوەی و لێکدانەوەی پەیوەندی نێوان توخمە دیمەنەکان و شیکردنەوەی ڕۆڵ و کاریگەری ئەو تراکانە و گەیاندنی پەیامی فیلمەکان.

**کۆمەڵگە و سامپڵی توێژینەوە:** تراکی دەنگی لە فیلمی کوردیدا دەبێتە کۆمەڵگە توێژینەوەکە و ئەو سامپڵەی نوێنەرایەتی ئەم توێژینەوەیە دەکات پێکهاتووە لە تراکە دەنگییەکانی هەردوو فیلمی (١٩٨٨- ئالودە) .

**سنوری بابەتی توێژینەوە:** تراکی دەنگی فیلمە کوردییەکانی (١٩٨٨- ئالودە) .

**ئامرازی توێژینەوە:** هەنگاوەکانی ئەم توێژینەوەیە پشت بە شیکاری ناوەڕۆک دەبەستێت بۆ شیکاریکردنی رۆڵی تراکی دەنگی هەردوو فیلمی **(١٩٨٨- ئالودە).**

## پێناسەی چەمکەکان :

ڕۆڵ: ئەرکێکە، یاخود بەشێکە لە پرۆسەیەکی دیاریکراودا ئەنجامدەدرێت.(Merriam- Webster).

ڕۆڵ: ئەو کارەی کەسێک یان شتێک لە دۆخێکی دیاریکراودا هەیەتی.(Cambridge).

تراکی دەنگی : دەنگەکان بە تایبەتی ئەو میوزیکەی کە بۆ فیلمێک تۆمار دەکرێت.(Britannica. Dicitionary).

تراکی دەنگی: هەموو ئەو میوزیک و قسە و دەنگانەی کە بۆ فیلمێک تۆمار دەکرێن. (oxfordlearners ).

ژانر: پۆلێکە لە پێکهاتەی هونەری، کە بە لێکچوون لە فۆرم، شێواز، یان بابەت بۆ ناوەڕۆکێکی تایبەتمەند.

ژانر بریتییە لە پۆلێک یان جۆرێکی فیلم کە لەسەر بنەمای هەندێک پێکهاتەی سەرەکی و لێکچوون دامەزراوە و لەلایەن بینەرەوە ناسراون و چاوەڕوان دەکرێن. کە لە توخمەکانی گێڕانەوە، یان لە ڕوانگەی جوانیناسی، یان لە ڕووی سۆزداری فیلمەکەدا هاوشێوەن.(vocabulary.cl).

ژانری فیلم : بریتییە لە پۆلێکی فیلمی جووڵاو کە لەسەر بنەمای ئەو گێڕانەوەیانەی پەیوەندییان بە هێزی سەرەکی بزوێنەری پشت چیرۆکەکەوە هەیە.(imdb).

## توێژینەوەکانی پێشوو:

**١- (قیس عودة قاسم -٢٠٢٤-ص٨٥،٨٦،٩٤)**

**ناونیشانی توێژینەوە:( الوظیفة الدرامي للموسیقى التصویریة فلم الرسالة انموذجا-دراسة تحلیلیة)**

توێژینەوەیەکی وسفی شیکارییە سەبارەت بە ئەرکی ساوندتراک لە فیلمدا، لە ڕێگەی تیشک خستنە سەر ڕەگەزی میوزیک وەک ساوندتراک و پەیوەندی بەدیمەنەکانی فیلمەوە کە ئامانجی توێژینەوەکە خستنە ڕووی ئەرکی ساوندتراکە لە فیلمدا. ئەنجامەکانی توێژینەوەکە: میوزیک یارمەتیدەرە لە هێنانە کایەی ژینگە و میزاجێکی لەبار کە دەبێتە پاڵپشتی دیمەنەکانی فیلمەکە، لە ڕووی ژانری فیلمەکەوە، کە فۆرمێک دەبخشێتە هەست و سۆزی وەرگر لە ڕووی کاریگەرییەوە. میوزیک وەک ڕەگەزێک ڕۆڵ دەگێڕێت لە تیشک خستنە سەر ساتە گرنگەکانی نێو فیلمەکاندا، هاوکات میوزیک یارمەتیدەرە لە ناساندنی کارەکتەرەکان لە ڕووی پیشاندانی حاڵەتی دەروونی و سۆزدارییەوە.

**٢- (سیروان محمد - عبدالناصرمصطفى- ٢٠٢١-ص٤٤-٥٤).**

**ناونیشانی توێژینەوە: (درامیة الموسیقى التصویریة فی فیلم الرسالة انموذجا).**

توێژینەوەیەکی وسفی شیکارییە سەبارەت بە فیلمی (الرسالة) ئەنجامدراوە، و توێژەران کێشەی توێژینەوەکەیان لەم پرسیارەدا خستۆتە ڕووکە: ئاخۆ دەشێت پێویستیی فیلم بۆ تراکە میوزیکیەکان لە سۆنگەی تێگەیشتن لە دیمەنە سۆزدارییەکان و ئاڕاستەکردنی هەست و سۆز بگۆڕدرێت و ڕەگەزەکانی تری دەنگ لەجێی دابنرێت؟

ئامانج لەم توێژینەوەیە رۆچونە نێو پەیوەندی نێوان کۆمپۆزەر، و رستە میوزیکییەکانە بە شێوەیەکی درامی وەک میوزیسیانی پرۆفشناڵ. خستنەڕووی بەهای دانانی ساوندتراکی فیلمە سینەماییەکان، ئەنجامەکانی توێژینەوەکە لە چەند خاڵێکدا خراونەتە ڕوو.

هەندێ لە ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخەنە سەر ئەوەی:ساوند تراک بەقوڵی جەخت لە ساتە پڕ لە وروژێنەرو چێژئامێزەکان دەکاتەوە لە گرتەی پێکدادان و دژبەیەکەکان، بەهای میوزیک لە قوڵایی هاوواتایی دیالۆگ و جووڵەدا بەرجەستە دەبێت، ساوند تراک بەهایەکی جوانی بەخشیووە بە گرتەکانی فیلمی(الرسالة) لە بیابان و ئەوکاتانەی لە ئەشکەتوودا بوون.

**٣- (عیسانی سید احمد-٢٠٢٠-ص٦٠،٧٤)**

**ناونیشانی توێژینەوە: (دور الموسیقى في تعزیز الصورة السینماتوغرافیة في الفیلم الثوري فیلم أولاد نوفمبر انموذجا).**

توێژینەوەیەکی شیکارییە سەبارەت بە چۆنێتی دانانی میوزیک بۆ کارە سینەماییەکان و بەکارهێنانی ساوندئیفێکتەکان لە کارە درامییەکاندا بەشێوەیەکی گشتی. لە چوارچێوەی ئەم پرسیارەدا کە ساوندتراک چ ڕۆڵێک دەگێڕێت لە نێو کارە سینەماییەکاندا؟ ئایا میوزیک ئامانجی فیلمی منداڵانی نۆفمبەری پێکاوە ؟ کێشەی توێژینەوەیەکەی خراوەتە ڕوو.

ئامانجی توێژینەوەکە دەرخستنی ڕۆڵی میوزیکە لە برەودان بە وێنەی سینەمایی لە فیلمە شۆڕشگێڕییەکاندا هەروەها زانینی ئەو میتۆدانەی کۆمپۆزەر لە دانای میوزیکدا بەرجەستەی کردوە و ڕوونکردنەوەی خاڵە بەهێزو لاوازەکانی لە کاتی بەکارهێنانی میوزیکدا.

ئەنجامی توێژینەوە :میوزیک توانیوێتی گوزارشت لە تینوێتی ئازادی بکات ڕۆڵێکی زۆری گێڕاو لە تامەزرۆیی و سەرکەوتنی فیلمەکە ، هەروەها کۆمپۆزەر بە شێوەیەکی بەرچاو پشتی بە میوزیک بەستووە لە کاریگەرییە دەنگییەکاندا و زیاتر میوزک گوزارشت بووە لە هەستە خەونئامێزەکان.

پەیوەندی توێژینەوەنەکانی پێشوو لە گەڵ ئەم توێژینەوەنەدا لە میتۆدی توێژینەوەدا توێژینەوەی وەسفی شیکارین ، سەرباری ئەوەی لە پرسیار و ئامانجی توێژینەوەش کە بە گوزارشتی جیاواز هاوشێوەن، بە گشتی هێڵە سەرەکی و هەنگاوەکانی توێژینەوەکانی پێشوو لەگەڵ ئەم توێژینەوەیەدا زۆر نزیکن بەو پێیەی هەوڵی ئەو توێژەرانە و ئەم توێژینەوەیەش بۆ دەرخستنی ڕۆڵ و کاریگەری تراکی دەنگییە لە فیلمدا.

## بەشی تیۆری

### ١- پێناسەی تراکی دەنگی .

تراکی دەنگی بریتییە لەو میوزیکەی کە لە فیلمێکدا بەکاردێت. پێویستە لەگەڵ چیرۆك و ڕارودۆخی دیمەنەکەدا بگونجێت، یارمەتیدەر بێت بۆ دروستکردنی کەشێکی گونجاو. دەتوانرێت میوزیکەکە بە ئامێر، گۆرانیبێژ، ئۆرکێسترا، یان دەنگی ئەلیکترۆنی لێبدرێت. دوو بیرۆکەی سەرەکی هەیە سەبارەت بەوەی کە چۆن میوزیکی فیلمێك دەبێت کاربکات: یەکێکیان ئاوێتەبوونە بۆ ئەوەی بەزەحمەت هەستی پێبکرێت، ئەوی دیکەیان ئەوەیە کە جیاواز بێت و لەیاد نەکراو بێت. هەردوو بیرۆکەکە دەتوانن کاریگەر بن ئەگەر بە باشی لەگەڵ فیلمەکەدا بگونجێنرێن. میوزیك لە فیلمەکاندا یارمەتی ڕیتم دەدات و هەستەکان دەگەیەنێت، زۆرجار لە نزیکەوە یارمەتیدەری وێنەکان دەبێت بۆ باشترکردنی ئەزموونی بینەر. بە گشتی ساوند تراکی فیلمەکە زۆر گرنگە بۆ دەوڵەمەندکردنی کاریگەرییەکانی فیلمەکە لەسەر بینەر. (Xu, 2022,p351-352)

میوزیك بریتییە لە پێکهاتەی دەنگەکان، لە کاتێکدا فیلم لە ڕێگەی ئاوێتەکردنی وێنە و گرافیکەوە پەرەی پێدەدرێت و نیوەندێکی قوڵ کە ڕیشەی لەناو جیهانی هەست و سۆزدا هەیە بەیەکیانەوە گرێ دەداتەوە، لە میوزیکدا هەست و سۆزی خەڵکی فراوانتر دەبێ فیلم ئەو هەست و سۆزە دەتەقێنێتەوە .لە کاتێکدا بینەر نوقمی پێکهاتەی میوزیك و سینەما دەبێت، هاوکات لە هەوڵی ئەوەشدا دەبێت هاوسەنگی و ئارامی دەروونیی خۆی ڕابگرێت و لەو نێوەندەشدا میوزیك بە شێوەیەکی ستراتیژی لە سەرجەم قۆناغەکانی فیلمدا بەکار دەهێنرێت .(Zhuang,2023,p.596).

میوزیك توانای وروژاندنی کاردانەوە بەهێزەکانی مرۆڤی هەیە، ڕۆڵێکی چارەنووسساز دەگێڕێت لە تێگەیشتن لە سینەما. هەرچەندە زۆرجار پەیوەست نییە بەو جیهانەوە کە گێڕانەوەکە تیایدا ڕوودەدات (واتا گێڕانەوەی چیرۆکئامێز)، لەگەڵ ئەوەشدا پەلکێشمان دەکاتە نێو جیهانی گێڕانەوەکە و چنینی چیرۆکەکەوە، هاوکات لەگەڵ وێنە و دیالۆگ و کاریگەرییە دەنگییەکان، میوزیك بەردەوام گێڕانەوەکە ڕاڤە دەکات و یارمەتیی بینەر دەدات لەو زانیاریانە تێبگات کە فیلمەکە دەیخاتەڕوو.( CIEŚLAK,2019,p.1).

میوزیك پەیوەستە بە پەیوەندیکردنەوە. پسپۆڕانی بوارەکە جەختیان لەسەر هێزی پەیوەندیکردنی میوزیك کردۆتەوە و ئاماژەیان بەوەکردووە کە میوزیك هەرگیز لە پەیوەندیکردن و کارلێککردن دانابڕێ. وەك ئامرازێکی پەیوەندی نێوان تاکەکان خۆیان و پەیوەندیی نێوان تاکەکان و کۆمەڵگە کاردەکات. ئاوازدانەر پەیامێکی میوزیکی ئاڕاستە دەکات و دواتر لە ڕێی ژەنیارانەوە دەگوازرێتەوە بۆ گوێگر.( .(Kokkidou,2022,p35

### ٢- کاریگەریی تراکی دەنگی .

فیلم فۆرمێکی هونەرییە و میوزیکیش ڕۆڵێکی چارەنووسسازی تێدا دەگێڕێت. میوزیك هەستێکی تایبەت دەدات بە دیمەنەکان یان بە سەرجەمی فیلمەکە، ئاستی ئەزموونی بینەر بەرز دەکاتەوە و وادەکات فیلمەکە سەرنجڕاکێشتر بێت. لەبری ئەوەی بە تەنها ڕەنگدانەوەی ئەوە بێت کە لەسەر شاشەکە ڕوودەدات، کەشێك دروست دەکات کە پشتگیری لە بابەت و کەشی ناو فیلمەکە بکات. یارمەتیدەرە بۆ بنیاتنانی ژینگە و وێناکردنی سەردەمەکە و ڕەنگدانەوەی کەلتوور و نەریتەکان. زۆرجار میوزیك لە فیلمەکاندا ئاماژە دەدات بەوەی کە چی ڕوودەدات یان لەوانەیە لە داهاتوودا چیرۆکەکەدا بەچی بگات ، تەنانەت ئەگەر بینەرانیش بە باشی تێبینی ئەمە نەکەن. بۆ نموونە لە فیلمی (ذە شاینین)دا، میوزیکە سامناکە لە سەرەتاوە ئەوە دەردەخات کە خەریکە ڕووداوێکی ترسناك و ناخۆش ڕووبدات، ئەمەش کەشێکی نائارام دروست دەکات و ئاماژە بە کێشەکانی داهاتووی خێزانەکە دەکات لە فیلمەکەدا. میوزیك دەتوانێت ئاستی فیلمەکە بەرزبکاتەوە و کەشێکی تایبەتی پێ ببەخشێت بە تایبەت لە ژانرەکانی وەك فیلمی ترسناکدا، ئەمەش وا لە بینەر دەکات هەست بەوە بکات زیاتر لە چیرۆکەکەدا بەشدارە و ئەو هەست و سۆزە چڕتر دەکاتەوە کە فیلمەکە پێمان دەبەخشێت(سەرچاوەی پێشوو352- Xu,p) .

(لیپسکۆمب) و (کێندڵ) لە ساڵی (1994) دا گەیشتنە دەرەنجامێك سەبارەت بە چۆنێتیی گەیاندنی زیاتری مانا لەڕێی میوزیکەوە کە ئەگەر میوزیك و فیلم هەمان ئاماژەیان بەکارهێنا و جوڵەکانی ناو میوزیك و فیلمەکە لە یەك کاتدا ڕوو بدەن، ئەمە ڕەنگە سەرنجی وەرگرەکە ڕابکێشێت و ئاڕاستەی بکات، ئەگەر میوزیك و فیلمەکە هەمان ئاماژە بەکاربهێنن (وەك کەوانە یان تەقینەوە لەسەر بنەمای پێوەرەکانی میوزیکی وەك دەنگی بەرز و ئیکۆی دەنگ).

مەرجی بنەڕەتی بۆ ئەم پرۆسەی پەیوەندییە نازارەکییە ئەوەیە کە وەك (جاسۆلتۆڤسکی و ڕیتمولەر) لە کتێبەکەیاندا ئاماژەیان پێ کردووە: وەرگر میوزیکەکە بناسێتەوە و جەماوەر و بتوانێت کۆدی ماناکەی بکاتەوە. بە ڕێزمانی میوزیکی فیلم ئاشنا بێت لەڕێی گوێگرتن لە میوزیك و قوڵبوونەوە بەناو ڕێکەوتنەکانی پەیوەست بە میوزیکەکەوە. (Herget,2021,p.23 ).

**بەکارهێنانی سایکۆلۆجی گێستاڵت بۆ شیکردنەوەی میوزیك لە فیلمەکاندا** ڕێبازێکی سایکۆلۆژییە، تایبەت بە ڕێکخستنی داینامیکی ئەزموون لە چەند فۆرم و پێکهاتەیەکدا، و لە وشە ئەڵمانییەکەوە وەرگیراوە Gestalt: کە کۆی Gestalten ە، بە واتای شێوە، فۆرم، و

گشت.ئەم باری سەرنجەش لەلایەن دەروونناسانی ئەڵمانی:  ڤۆلفگانگ  کۆهلەر و کورت کۆفکا و ماکس وێرتهایمەرەوە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا پشتڕاستکرایەوە، وەك شۆڕشێك دژی ستراکتورالیزم، کە ئەزموون  لەناو هەستی ئیستاتیکیدا شیدەکاتەوە و دژی ڕێبازی ئەتۆمییە کە قوتابخانەی ڕەفتار لەخۆی دەگرێت، کە ئەویش هەوڵی وردکردنەوەی ڕەفتاری ئاڵۆز دەدات بۆ کاردانەوەی سەرەتایی. ئەم سایکۆلۆژیایە وای دەبینێت کە ئەزموون کۆیەکی ڕێکخراوە، پێکهاتەکانی لێی دانابڕێن.

دەروونناسیی گێستاڵت لەبری ئەوە پێی وایە ئەزموون کۆیەکی ڕێکخراوە کە بەشەکانی بەشێکی دانەبڕاون لێی. کە دواتر بۆ لێکۆڵینەوە لە فێربوون، تێگەیشتن، یادەوەری، دەروونناسی کۆمەڵایەتی و هونەر بەکارهێنران.یەکێك لە نمایشە یەکلاییکەرەوەکان نمایشی (فێرتهایمەر) بوو، لە ساڵی(1912)دا، بەبەکارهێنانی دوو ڕووناکیی یەك لەدوای یەکی درەوشاوە، کە ئەوەش لەبری دوو روناکیی دەبێتە یەك جوڵەی بینراو. ئەزموونەکانی دواتر هۆکار بوون بۆ دەرکەوتنی بنەماکانی ڕێکخستنی پەی پێبردن، کە دواتر لە توێژینەوەکانی تایبەت بە فێربوون و یادەوەری و دەروونناسی و کۆمەڵایەتی و هونەردا پراکتیزە کرا. (APA Dictionary).

بۆ ئەوەی لە ڕوانگەیەکی دیکەوە میوزیکی ناو فیلمەکان شیبکەینەوە، بەبێ گرنگیدان بە تیۆری میوزیك، پێویستە بزانین ئەو میوزیکە چ هەستێکمان پێدەبەخشێت. لیۆنارد مەیەر، میوزیکۆلۆجیست و فەیلەسووفی دیار، ئەم هەستانە بە 'چەند فاکتەرێکی لاوەکی' ناودەبات. هاوکات فاکتەرە سەرەکییەکانی میوزیك، وەك کۆرداڵ و نۆتەکان، پێکهاتەکەی بونیاد دەنێن و لە تیۆری میوزیکدا توێژینەوە لەسەر ئەوانە دەکرێت. ' فاکتەرە لاوەکییەکان' پەیوەندییان بەوەوە هەیە کە چۆن میوزیکەکە کاریگەریی لەسەر هەست و سۆزمان دەبێت، وەك دەنگ (چەندێك دەنگەکەی بەرزە یان نزمە)، خێرایی (چەندێك خێرایە یان خاوە)، توندیی دەنگ (چەندێك بەرزە یان نزمە)، کواڵیتی تۆن (واتە دەنگی ئامێرەکان یان دەنگی گۆرانیبێژەکان چۆن دەبن)، شێوەی ڕیتم، هارمۆنی (چەندێك دەنگەکەی خۆشە یان گرژە) لەگەڵ شێوە و ستایڵی ئاوازەکە. هەرچەندە بەکارهێنانی سایکۆلۆجی گێستاڵت پێویستی بە بوونی زانیارییەکی قووڵ نییە لە بواری میوزیکۆلۆجیدا، بەڵام تا ڕادەیەك پێویستە تێگەیشتنێکی باشت هەبێت لە میوزیکدا. پێویستە کەسەکە بتوانێت جیاوازی لە نێوان ئامێری فلوت و ئۆبۆدا بکات و بە دەنگەکانیان بیانناسێتەوە، دەبێت تێبینی بکات کاتێك میوزیکەکە خێراتر دەبێت یان خاو دەبێتەوە، مێلۆدییەك بناسێتەوە کاتێك دووبارە دەبیستێتەوە، هەروەها جیاوازی بکات لە نێوان ئاوازێك کە دەنگەکەی گرژە لەگەڵ ئاوازێك کە دەنگەکەی نەرمە و هارمۆنیی تێدایە و جیاوازی بکات لە نێوان کلیلی مەیجەر و ماینەر. بە تیشکخستنەسەر فاکتەرە لاوەکییەکانی میوزیك، دەتوانین بزانین چۆن میوزیکەکە لەگەڵ پێکهاتەکانی تری ناو فیلمەکە دەگونجێت، و تێدەگەین کە چۆن ئەم پێکهاتانە پێکەوە کۆدەبنەوە و تەواوی دیمەنەکە پێکدەهێنن. بۆ نموونە لە فیلمی (سیتزن کەین-Citizen Kane ) دا، لە دیمەنی سەرەتادا دەبینین کە وێنە تاریکەکەی کۆشکی چۆڵکراوی (زانەداو) لەگەڵ میوزیکێکی نزم و خاودا پیشان دەدرێت و گوێمان لە ئامێری کلارینێت دەبێت لەگەڵ ئامێری کۆنترابەیسن، هەموو ئەمانە وای کردووە دیمەنێکی تەواو پێکبهێنێت و پێکهاتەکان لەگەڵ یەکدا بگونجێن.  ئەم میوزیکە و ئەم دیمەنە هەستی مردن و لەناوچوون دەبەخشێت بە بینەرەکە. لە نموونەیەکی دیکەشدا لە فیلمی (هوك-Hook )دا کە دەرهێنەرەکەی (ستیفن سپیلبرگ)ە، کارەکتەرە سەرەکییەکە: پیتەر بانین، بیرەوەرییە جوان و دڵخۆشکەرەکانی بیر دەکەوێتەوە و بەهۆی ئەمەشەوە دەتوانێت جارێکی دیکە بفڕێتەوە و ببێتەوە بە پاڵەوانەکەی پێشتر کە ناوی پیتەر پانە. میوزیکەکە دەنگی زۆر بەرز و چڕ دەبێتەوە هاوتا لەگەڵ لەگەڵ فڕینی پیتەر بە ئاسماندا. لە نموونەیەکی دیکەشدا لە فیلمی (ذە هەیتفوڵ ئەیت-The Hateful Eight ) ی دەرهێنەر کوینتن تارانتینۆدا، لە دیمەنی سەرەتادا دەبینین تەواوی ناوچەکە بە بەفر داپۆشراوە بەڵام ئەوەی وامان لێ دەکات هەست بەو سەرماو سۆڵەیەی ناو ئەو دیمەنە بکەین، ئەو میوزیکەیە کە لەگەڵیدا دەڕوات. ئەو نۆتە بەرز و درێژانەی کەمانچەکە لەگەڵ دیمەنەکاندا دەگونجێت. بە گوێرەی (نیکۆلاس کوك) میوزیکۆلجستی بەریتانی، ئەم تەواوکارییە بەو مانایەیە کە میوزیك و دیمەنەکان پێکەوە کاردەکەن. ئەوان یەکدەگرنەوە و بیرۆکەیەك یان چەمکێکی یەکگرتوو لە دیمەنەکەدا دروست دەکەن. چی دەبێت ئەگەر میوزیك و دیمەنەکان بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ یەکتردا نەگونجێن یان تەواوکەری یەکتر نەبن، بەڵکو لەبری ئەوە بە تەواوەتی ناکۆك بن؟ بۆ نموونە بیر لە دیمەنێکی پرسە بکەرەوە کە میوزیکێکی گەشبین و بێخەمی تێدابێت. لەم حاڵەتەدا دەبێت بزانین چۆن لە نەگونجانی نێوان میوزیك و دیمەنەکان تێبگەین و مانایان پێ بدەین. کێشەیەکی ئاوا وەکو مەتەڵێك وایە کە بە تەواوی دەستنیشان نەکراوە. بەپێی تیۆری گێستاڵت، بە تێگەیشتن لەوەی کە چۆن هەموو بەشە جیاوازەکان بەیەکەوە دەگونجێن دەتوانین ئەم کێشەیە چارەسەر بکەی. (Audissino E, 2o17,p76-77)

## ٣- هۆکاری هەڵبژاردنی تراکی دەنگی لە فیلمدا.

بەگشتی پێدەچێت سەرچاوەی میوزیکی فیلم لە سەرەتای ساڵانی (١٨٩٠) لە پاریسەوە دەستی پێکردبێت. لە تشرینی دووەمی ساڵی(١٨٩٢) ، ئێمیل ڕینۆ فیلمە ئەنیمەیشنیەکانی خۆی بە ناوی (پانتۆمیم لومینۆس-) پێشکەش کرد. ئەم فیلمانە میوزیکی پیانۆیان لەگەڵدا بوو کە بە شێوەیەکی تایبەت لەلایەن گاستۆن پاولین ئاوازەکەی بۆ دانرابوو. دواتر لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی(١٨٩٥) برایانی لومێر کورتە فیلمەکانیان نمایش کرد، کە میوزیکێکی پیانۆیان لەگەڵدا بوو کە ئێمیل ماراڤاڵ دەیژەنی. کاتێك ئەم فیلمانە لە ساڵی دواتردا لە لەندەن نمایشکران، میوزیکیان لەگەڵدا بوو کە لەسەر هارمۆنیۆم دەژەنرا، کە جۆرێکی سەرەتایی ئامێری کیبۆرد بوو. لە نیسانی ساڵی (١٨٩٦)دا، ڤیتاسکۆپ کە پرۆژێکتۆرێکی سەرەتایی فیلم بوو، لە هۆڵێکی میوزیك لە نیویۆرك ناسێندرا. لەم چالاکییەدا، نمایشێکی میوزیکی لەلایەن باندی (بلە هەنگارییان) تایبەت بە دکتۆر لیۆ سۆمەرەوە پێشکەشکرا. سینەماکار جۆرج مێلیس لە ساڵی (١٩٠٢)دا لە یەکەم نمایشی فیلمی "لا ڤۆیاج دانس لا لون" لە پاریس، خۆی پیانۆکەی ژەنی. ئەم ئیڤێنتانە بەکارهێنانی میوزیکیان کرد بە نەریتێك و لەگەڵ شێوازەکانی

دیکەی خۆشگوزەرانی و کات بەسەربردن وەك نمایشی چرای جادویی، ڤۆدێڤیل و میلۆدراما تیایاندا میوزیك بەکاردەهێنران. زۆرێك لە نمایشەکانی چرای جادویی لە سەدەی نۆزدەهەمدا رووداوی ورد و پلان بۆ دارێژراو بوون. بە رێکوپێکییەکی دیاریکراو رێکخرابوون بۆ ئەوەی کاریگەرییەکی دراماتیك دروست بکەن. ئەم نمایشانە زۆرجار گێڕانەوەیان لەخۆگرتبوو بۆ گێڕانەوەی چیرۆکێك یان رروونکردنەوەی وێنەکان، تەنانەت هەندێکجاریش میوزیکیان تێدابوو بۆ ئەوەی لەگەڵ دیمەنەکاندا بگونجێت، ئەمەش ئەزموونەکەی سەرنجراکێشتر و کاریگەرتر دەکرد. ئەمە تەنانەت بۆ هەندێك لە وتارەکانی زانستیش ڕاست بوو کە وێنە و میوزیکیان بەکاردەهێنا بۆ گەیاندنی پەیامەکانیان بە شێوەیکی باشتر. ئەم فۆرمەی کات بەسەربردن ڕاستەوخۆ گواسترایەوە بۆ سینەما سەرەتاییەکان. لە سەرەتای سەردەمی فیلمی بێدەنگدا، سینەماکان بەردەوام بوون لە پێشکەشکردنی جۆرەها شێوازی کاتبەسەربردن هاوشێوەی نمایشەکانی ڤۆدێڤیل، کە نەك تەنها فیلم بەڵکو نمایشی ڕاستەوخۆشی لەخۆگرتبوو. پرۆجێکتەرەکانی فیلمە سەرەتاییەکان توانای پیشاندانی هەردوو وێنەی جوڵاو و سلایدی چرای جادوییان هەبوو، ئەم تەکنەلۆژیایانەیان تێکەڵ کرد بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ئەزموونی بینەر. گۆرانییە وێنەدارەکان لە نێوان سالانی (١٩١٠ و ١٩١٣) لە نیکلۆدیۆنەکان (سینەما سەرەتاییەکان) وردە وردە کاڵبوونەوە. پێدەچێت هۆکاری ئەم گۆڕانکارییە ئەوە بوو فیلمەکان وەك فۆرمێکی هونەری جددیتر سەیر بکرێن. بۆ گەیشتن بەم ئاستە نوێیە، فیلمەکان پێویستیان بە بینەر هەبوو کە بە بێدەنگی و بە جددی بەدیاریانەوە دانیشن، بە دوورکەوتنەوە لە کەلتووری باو. .(cooke, 2015, p.7)

ڕەنگە سەرەتا میوزیك کرابێتە فیلمەکانەوە تەنها لەبەر ئەوەی هەمیشە یارمەتیدەرێکی گومانلێنەکراو بووە بۆ ئەوەی بینەر زیاتر چێژ لە فیلمەکان وەربگرێ. لە ناوەڕاستی سالانی (١٨٩٠) کاندا فیلمەکان تەنها ئامرازێکی سەرنجراکێشی سادە بوون لە ئیڤێنت و نمایشەکاندا. ئەم ئیڤێنتانە دەنگیان بەرزبووە و هەمیشە سەرنجی خەڵکەکەی ڕاکێشاوە، بۆیە شتێکی نامۆ دەبوو ئەگەر فیلمێکی نوێ بەبێ میوزیك نمایش بکرایە. شایەنی باسە کە بزانین میوزیك هەمیشە لەگەڵ شانۆکەدا یان لە هەمان کاتدا لەگەڵ فیلمەکەدا نمایش نەکراوە. (ڕیچارد ئاڵتمان) شارەزا لە میوزیکی فیلم، ئاماژە بەوە دەکات کە میوزیك بەکاردەهێنرا بۆ ڕاکێشانی خەڵك بۆ بۆنە و ئیڤێنتەکان تەنانەت پێش ئەوەی بچنە ژوورەوە. بۆ نموونە، ڕەنگە میوزیکی ڕاستەوخۆ لە دەروازەی چوونە ژوورەوە لێبدرایە، یان میوزیکێکی تۆمارکراو لە دەرەوە بە دەنگی بەرز بە فۆنۆگراف لێبدرایە. یاخود ڕەنگە داوا لە میوزیکژەنەکانی ناوەوە بکرایە بە دەنگی بەرز میوزیکەکە بژەنن بۆ ئەوەی خەڵك لە شەقامەکانەوە گوێیان لێ بێ. لەگەڵ بەرەوپێشچوونی میوزیکی سینەما و سەرنجراکێشتربوونی، نمایشکردنی میوزیك بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ- ڕەنگە هەمووکات پەیوەندیی بە فیلمەکانەوە نەبووبێت یان گونجاو نەبووبێت لەگەڵیاندا، بەڵام دەکرێت بڵێین بەئەندازەی خودی فیلمەکان توانیویانە سەرنجی خەڵك ڕابکێشن. (ماکس وینکڵەر) شارەزا لە میوزیکی فیلمەکان، بە توندی باوەڕی وابوو کە میوزیك بۆ ئەوە بۆ فیلمەکان زیاد کرا تاوەکو ئەو بۆشاییە پڕبکەنەوە کە لە نەبوونی دیالۆگەوە لە فیلمە کۆنەکاندا دروست دەبوون: "دەبێت میوزیك جێگرەوەی قسەکردن و دیالۆگ بێت". بەڵام میوزیك تاکە هۆکار نەبوو بۆ پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە. جگە لە ساوند ئیفێکت (کاریگەرییە دەنگییەکان)، شێوازەکانی دیکە بریتی بوون لە گێڕانەوەی ڕاستەوخۆی چیرۆکەکە، کە کەسێك باسی ئەوەی دەکرد لەسەر شاشەکە چی ڕوودەدات. ئەمە لەو فیلمە سەرەتاییانەی کە لە پێشانگاکاندا نمایش دەکران باو بوو، کە کەسێك شانبەشانی وێنەکان قسەی دەکرد و چیرۆکەکەی دەگێڕایەوە. هەندێك جار، ئەکتەرە دەنگییەکان کە بە "خوێنەر" ناسرابوون، هەوڵیان دەدا قسەکانیان لەگەڵ جووڵەی لێوی ئەکتەرەکانی ناو فیلمەکاندا بگونجێنن. (لیۆپۆلد فرێگۆلی) بە تایبەتی لە کۆتاییەکانی سالانی (١٨٩٠)کاندا بەم کارە ناسرابوو. لە کۆتاییەکانی ساڵی (١٩٠٨) سینەمایەکی ئەمریکی ئەکتەرە دەنگییەکانی لە پشت شاشەکەوە دەشاردەوە تاوەکو لە هەمان ساتی فیلمەکەدا دیالۆگەکان بخوێننەوە و وا دەربکەوێت دەنگەکە لە فیلمەکەوە دێت، ئەمان هەوڵیان دەدا بینەران هەڵبخەڵەتێنن تا وا بیربکەنەوە ئەوان بینەری پێشکەوتنێکی تەکنەلۆژیایەکی گرنگن. دیارترین ئەو کەسانەی ئەم کارەیان دەکرد پێیان دەوترا (بێنشی ژاپۆنی)، ئەوان ئەستێرەی گەورە بوون لە فیلمە بێدەنگەکاندا و ناوبانگیان تەنانەت لە پاش زیادبوونی دەنگیش بۆ فیلمەکان هەر بەردەوام بوو. بەڵام لە شوێنەکانی دیکەدا گێڕانەوەی زارەکی کاتێك کۆتایی هات کە سینەماکاران تەکنیکە پێشکەوتووەکانی مۆنتاژیان پەرەپێدا کە بە شێوەیەك فیلمەکان خۆیان چیرۆکەکەیان دەگێڕایەوە و چیتر پێویستی نەدەکرد کەسێك ئەم کارە بکات(cooke, 2015,p4-5) .

## ٤- ڕەهەندە جیاوازەکانی میوزیك.

بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای شوێنکەوتنی جووڵەی چاو لە میوزیکی فیلمەکاندا

چۆن میوزیك دەتوانێت کاریگەریی لەسەر بینەر هەبێت لە کاتی تەماشاکردنی فیلمەکەدا، چۆن دەکرێت ئەم میوزیکە وا بکات بینەر چاوی بچێتە سەر شتێکی دیاریکراو. ئێمە دەزانین میوزیك کاریگەریی لەسەر هەستەکانمان هەیە، بەڵام لێکۆڵینەوەیەکی کەمتر هەیە لەسەر ئەوەی کە چۆن میوزیك کاریگەری دەبێت لەسەر سەرنج و تێڕوانینەکانمان. بیردۆزی( مارشڵ و کۆهین )دەڵێت کاتێك میوزیك و دیمەنەکان بە باشی یەکدەگرنەوە، ئەو بەشەی دیمەنەکان کە لەگەڵ میوزیکەکەدا دەگونجێت دەبێتە جێگەی سەرنجی سەرەکی بینەر. سینەماکاران باوەڕیان بەمە هەیە، بەڵام پێویستیان بە بەڵگەی زیاترە. زۆربەی توێژینەوەکان نموونەی زۆر سادە و ناڕاستەقینەن، کە هەمووکات لەگەڵ فیلمە ڕاستەقینەکاندا ناگونجێن. شێوازی نوێ بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەش پەرەی پێ دەدرێت. تەکنەلۆجیای شوێنکەوتنی جووڵەی چاو دەبێتە پێوەر بۆئەوەی کە مرۆڤەکان چاویان زیاتر دەچێتە سەر چی و بۆ چەندێك تەماشای ئەو شتە دەکەن، ئەمەش بۆ خوێندنەوەی میوزیك و بڕیاردان یارمەتیدەرە بەڵام زۆر لە فیلمەکاندا بەکارنەهێنراوە. هەندێك لە توێژینەوەکان دەریدەخەن میوزیکی چێژبەخش یارمەتیی خەڵك دەدات زیاتر گرنگی بە وێنەکان بدەن، بەڵام ئەمە زیاتر بۆ وێنەی نەجوڵاو دەبێت. توێژینەوەکان لەسەر میوزیك و شۆڤێریکردن

دەریدەخەن کە لێدانی میوزیك لە باکگراوندا کاریگەری لەسەر شۆفێری هەیە، بەڵام زۆرجار ئەم توێژینەوەانە تەنها گرنگی بە تێمپۆ (خێرایی میوزیك) دەدەن و لایەنەکانی تری میوزیکەکە پشتگوێ دەخەن، بە گشتی پێویستمان بە لێکۆڵینەوەی زیاترە بۆ ئەوەی تێبگەین لەوەی کە چۆن میوزیك و دیمەنەکان لە فیلمەکاندا پێکەوە کاردەکەن.

ئەم توێژینەوەیە باس لەوە دەکات کە تەکنەلۆژیای شوێنکەوتنی جووڵەی چاو بۆ ئەوە بەکارهێنراوە کە بزانێت چۆن میوزیك کاریگەری لەسەر سەرنجی مرۆڤەکان و هەستەکانیان و ئەزموونی گشتییان هەیە لەکاتی سەیرکردنی ئەو ڤیدیۆیانەی کە پێویستیان بە سەرنجدانی زیاترە. دەسکەوتە سەرەکییەکانی ئەم توێژینەوەیەش ، بریتیە لە:

١ .هەست و سۆز: میوزیك لەم توێژینەوەیەدا گۆڕانکارییەکی بەرچاوی لە هەست و سۆزی مرۆڤدا نەکرد. ڕەنگە ڕێگەی وردتر بۆ پێوانەکردنی هەستەکان پێویست بێت بۆ تێبینی کردنی هەر پەیوەندییەك لە نێوان میوزیك و کاریگەری لەسەر هەست و سۆزی بینەر.

٢ .کاردانەوە بەرامبەر میوزیکی جیاواز: بەشداربووان کاردانەوەی جیاوازیان هەبوو بەرامبەر بەو دوو جۆرە میوزیکەی کە بەکارهێنران. میوزیکی سەرڕاڵکەر وایدەکرد سەختتر بێت بۆ بینەر کە بتوانێت تەرکیز بکات، لە کاتێکدا میوزیکی لەسەرخۆ یارمەتی ئەو کەسانەی دەدا زیاتر قووڵبنەوە و سەرنج بدەنە ئەو دیمەنانەی کە تەماشایان دەکرد.

٣ .تەرکیزی چاو: میوزیك کاریگەری هەبوو لەسەر ئەوەی کەسەکە سەیری چی دەکات، ئەو میوزیکەی کە سەرڕاڵکەر بوو وای دەکرد بینەر زیاتر سەیری ئەملاولا بکات و نەتوانێت سەرنج بخاتە سەر خاڵێکی دیاریکراو، بە پێچەوانەشەوە میوزیکی لەسەرخۆ یارمەتی بینەر دەدا بتوانێت باشتر تەرکیز بکاتە سەر شتێکی دیاریکراو.

٤ .تەرکیزی مێشك: میوزیك یارمەتی بینەر دەدا بە خێرایی سەرنجیان لەسەر بەشە گرنگەکانی ڤیدیۆکە بێت، بەڵام هۆکارێکیشە تا سەیری شتی جیاوازیش بکەن. ئەمەش بۆ ئەرکە ئاڵۆزەکان بەسوود بوو وەك تەماشاکردنی دیمەنێکی ئاڵۆز کە ڕووداوی زۆری تێدایە یان دیمەنی خێرا.

توێژینەوەکە دەریدەخات کە میوزیك کاریگەری هەیە لەسەر شێوازی سەیرکردنمان بۆ ڤیدیۆکان و بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای شوێنکەوتنی جووڵەی چاو یارمەتیمان دەدات زیاتر لەم بابەتە تێبگەین. تێکەڵکردنی میوزیك و تەکنەلۆجیا یارمەتیدەر بوو بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامێکی ڕوونتر و تێگەیشتنێکی باشتر .(Mera & Stumpf, 2014, pp. ,1-2-3-4-23) .

جۆرە جیاوازەکانی میوزیك لە فیلمەکاندا - ثرەیلەر و میلۆدراما- کاریگەرییان هەیە لەسەر چۆنیەتیی تێگەیشتنمان لەکارەکتەرەکانی ناو فیلمەکان. لێرەدا ئەوەی بۆیان دەرکەوت کاریگەریی میوزیکە لەسەر حەزکردن و تێگەیشتن: میوزیك ثرەیلەر وایکرد بینەران کەمتر حەزیان لە کارەکتەرەکان بێت و کەمتر بتوانن لێیان تێبگەن بە بەراورد بە نەبوونی هیچ میوزیکێك. میوزیکی میلۆدراماتیکیش وایکرد بینەران زیاتر حەزیان لە کارەکتەرەکان بێت و زیاتر هەست بەوە بکەن کە خاڵی هاوبەش هەیە لە نێوان خۆیان و ئەو کارەکتەرەدا. هەست و سۆز: میوزیکی ثرەیلەر وای لە بینەران کرد زیاتر هەست بە تووڕەیی بکەن و کەمتر دڵتەنگبن بەرامبەر بە کارەکتەرەکان، لە کاتێکدا میوزیکی میلۆدراماتیك وای لە بینەران کرد زیاتر هەست بە خۆشەویستی بکەن و کەمتر ترسیان هەبێ بەرامبەریان. هاوسۆزی: توێژینەوەکە باس لەوە دەکات کە میوزیکی فیلم کاریگەریی لەسەر ئەوە هەیە کە چەندە هاوسۆزیمان لەگەڵ کارەکتەرەکاندا هەیە. میوزیکی ثرەیلەر وادەکات تێگەیشتن لە کارەکتەرەکان سەختتر بێت، بە بەراورد بە میوزیکی میلۆدراماتیك، کە یارمەتیمان دەدات هەست بە نزیکبوونەوە بکەین لە کارەکتەرەکە و بتوانین ئاسانتر لێیان تێبگەین. بە گشتی میوزیکی فیلم ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لە چۆنیەتی بینین و تێگەیشتن لە کارەکتەرە سینەماییەکان. Nusbaum, 2011-p1)( Hoeckner, Wyatt, Decety,. .

## ٥- کاری میوزیک لە فیلمدا.

میوزیك لە فیلمەکاندا دەکرێت بە شێوازی جیاواز بەکاربهێنرێت، دەکرێت بەشێك بێت لە چیرۆکەکە، یان دەکرێت تەنها میوزیکێك بێت لە باکگراوندەکەدا کە هەستێکی دیاریکراومان پێ ببەخشێت. ئەو کەسانەی لەبارەی فیلم و میوزیك و زمانەوە دەخوێننەوە، زۆر شتیان لەسەر میوزیکی فیلمەکان نووسیوە. بەڵام زۆرجار گفتوگۆ لەگەڵ یەکتر ناکەن و کتێبی زۆریش نییە کە ئەم بیرۆکانە کۆبکاتەوە. ئەو کتێبانەی تایبەتن بە میوزیکی فیلم بە زۆری باس لە فیلمە ئەمریکییەکان دەکات و فیلمەکانی وڵاتانی دیکە پشتگوێ دەخەن بۆ ئەو کەسانەی کە میوزیکی فیلم دەخوێنن، سەرچاوەی گشتی و کتێبی بەسوود هەیە. کۆرسەکانی میوزیکی فیلم بەزۆری لە کۆلێژی فیلم یان بەشە میوزیکییەکاندا دەبینرێن، هەندێکجار لەگەڵ ئینگلیزی یان ئەدەبیاتی بەراوردکاریدا دەخرێنە یەك لیستەوە. ئەم خولانە ڕێگە بە خوێندکاران دەدەن لە ڕوانگەی جیاوازەوە بەدوای میوزیکی فیلمدا بگەڕێن، بەڵام ڕەنگە خوێندکاران ئاستی شارەزایی جیاوازیان هەبێت لە بواری میوزیك و شیکاریی فیلمدا. هەندێك لە کتێبە سەرەکییەکانی بریتین لە "تێگەیشتن لە فیلمەکان" لە نووسینی (لویس جیانێتی) کە چەمکەکانی فیلم دەگرێتەوە بەڵام زاراوەی میوزیکی تێدا نییە، هەروەها "پێشەکییەك لە هونەری فیلم" لە نووسینی (دەیڤید بۆردوێڵ و کریستین تۆمپسۆن) کە وردترە و بابەتی کاری دەنگ و کامێرا لەخۆدەگرێت. "تیۆری فیلم و ڕەخنە" کە لەلایەن (لیۆ براودی و مارشال کۆهین )مۆنتاژ کراوە، نووسینە کلاسیك و مۆدێرنەکانی تایبەت بە تیۆری فیلم دەخاتەڕوو و باس لە دەنگ و میوزیك دەکات. "تیۆری فیلمی ئەورووپی و سینەما" لە نووسینی ئیان ئایتکن باس لە تیۆری فیلمی مۆدێرن و پۆستمۆدێرن و مێژووەکانیان دەکات(Goldsmith, 2006, p.45-46) .

میوزیکی فیلم تا ڕادەیەك پارادۆکسە: زۆر کات کە لەو شتانە وردەبینەوە کە لەسەر سکرین دەگوزەرێ، درك بەو میوزیکە ناکەیت کە لە باکگراوندی فیلمەکەدا دەڕوات، بە تایبەت ئەگەر هاوکات نەبین لەگەڵ دیالۆگەکاندا، هەرچەندە میوزیك ئامڕازێکی بەهێزی دەستی

سینەماکارە، بەو پێیەی کە توانای ئەوەی هەیە کۆمەڵێك ئەرکی گرنگ ئەنجام بدات. دەتوانین بڵێین کە ئێمە بە ڕوونی لە گوێچکەکانمانەوە گوێمان لە میوزیك دەبێت ، بەڵام بە ئاگاییەوە بایەخی پێ نادەین، ئەویش لە سۆنگەی ئەو پەیوەندیەوە کە لە نێوان دەنگەکاندا هەیە و ڕێزمانی میوزیکەکە پێکدێنێت، نمونەی ئەوەش لە بوارەکانی تریشدا بەدی دەکرێ: بۆ نموونە زۆرجار  تۆ درك بەوە ناکەیت کە دەقی ستوونێك بە شێوەنوسینی لار نوسراوە، تا پەنجەی نەخەیتەسەر.(Mariani,2020,p.9-10 ).

## ٦- دەستنیشانکردنی ژانری فیلم.

چەند ژانری فیلم هەیە و چۆن جیایان بکەینەوە؟ ئەمە پرسیارێکی سەرەکییە لە توێژینەوەکانی ژانری فیلمدا. هەندێك تیۆری دەڵێن ژانرەکان پۆلێنێکی جێگیرن کە یاسای ڕوونیان هەیە کاریگەرییان لەسەر چۆنیەتی دروستکردنی فیلم و چۆنیەتی کاردانەوەی بینەر هەیە. هەندێکی تر پێیان وایە ژانرەکان بە ڕوونی پێناسە نەکراون. هەندێك تیۆری پێشنیاری ئەوە دەکەن کە چەند جۆرێکی بنەڕەتی ژانر هەن کە لقی لاوەکی جۆراوجۆریان لێ دەبێتەوە و بە تێپەڕبوونی کات دەگۆڕدرێن. لە پراکتیکدا دەتوانرێت ژانرەکان بە چەندین شێوە پێناسە بکرێت، لەسەر بنەمای ناوەڕۆکەکانیان (وەك فیلمی جەنگ )، شێواز (وەك فیلمی نۆوار یان میوزیکاڵ)، بینەری بەهەندوەرگیراو (وەك فیلمی ژنان یان فیلمی منداڵان)، یان کاریگەری سۆزداری (وەك کۆمیدی یان میلۆدراما). زۆرجار ژانرەکان پەیوەستن بە کاریگەریی سینەمای ئەمریکاوە بەڵام دەشێ بەپێی وڵاتیش جیاواز بن. بۆ نموونە فیلمەکانی هونەری جەنگی ئاسیا یان  درامای جلوبەرگی بەریتانی، کە ستایلی تایبەت بە خۆیان هەیە و کاریگەریی تایبەتی خۆیانیان هەیە. لە کاتێکدا ژانرەکان زۆرن، هەندێك شێوازی گێڕانەوەی بنەڕەتی و پێکهاتەی ژانرەکان لە هەندێکی تر باوتر و بەردەوامترن.(Bondebjerg, Ib, 2015,p,163) .

میوزیکی ڕۆمانسی سەدەی ١٩ گرنگی دەدا بە دەربڕینی هەست و گێڕانەوەی چیرۆکەکان لە ڕێگەی دەنگەوە، ئەوەش کاریگەرییەکی بەهێزی هەبوو لەسەر میوزیکی فیلم. ئەم شێوازە میوزیکە بە باشی لەگەڵ فیلمەکاندا دەگونجێت چونکە دەتوانێت بە ئاسانی هەستەکان بگەیەنێت و لەگەڵ دیمەنە جیاوازەکاندا ڕێکبخرێت. ئاوازدانەرانی سەرەتایی فیلم تەکنیکەکانی میوزیکی ڕۆمانسییان بەکاردەهێنا بۆ دروستکردنی دەنگ بۆ هەست و ڕووداوە جیاوازەکان، وەك خۆشی، خەم. ئەم کاریگەرییە میوزیکییانە بۆ بینەران ئاسان بوون کە لێی تێبگەن. میوزیکی فیلم بەردەوامە لە بەکارهێنان و بەزیندوویی هێشتنەوەی ئەو نەریتانەی میوزیکی ڕۆمانسی، کە یارمەتی بینەر دەدات لە ڕووی سۆزدارییەوە لە فیلمەکان تێبگەن، تەنانەت ئەگەر زانیارییەکی میوزیکی زۆریشیان نەبێت.

میوزیکی سەدەی نۆزدەهەم ئۆرکێسترای گەورەی بەکاردەهێنا بۆ دروستکردنی میوزیکێك کە هەستێکی زۆر بەهێز و وروژێنەری دەبەخشی بە گوێگران. (کاریڵ فلێن) شارەزا لە میوزیك و مێژووی میوزیکدا، باس لە سێ بیرۆکەی گەورە دەکات لە میوزیکی واگنەردا، ئاوازدانەری ئەڵمانی بەناوبانگ، کە دەڵێت ئەم بیرۆکانە زۆر گرنگن بۆ میوزیکی فیلم  Gesamtkunstwerk. (بە ئەڵمانی واتە کارێکی هونەری ناوازە)، واتە دڵنیابوون لەوەی کە هەموو بەشێکی پرۆژەیەکی هونەری گەورە بە باشی پێکەوە کاردەکەن، بۆیە هەموو شتێك بە ئاسانی پێکەوە دەگونجێت، هەروەك چۆن لە فیلمەکانی هۆلیووددا دیمەنەکان دەگۆڕێن بەبێ هیچ وەستانێکی نائاسایی و بێزارکەر. مێلۆدی بێکۆتایی: واتە میوزیکێك بەبێ وەستان لە فیلمەکەدا لێ بدرێت تاوەکو هەستی بەردەوامی و دانەبڕان بدات بە بینەران :Leitmotif . بەکارهێنانی ئاوازی تایبەت بۆ کارەکتەرەکان یان بیرۆکەکان، تەکنیکێکە لە میوزیکی ڕۆمانسیدا. وشەکە ئەڵمانییە و دوو بەشە،  Motif gleit کە بە واتای "سەرکردایەتی" و "پاڵنەر" دێت. لە ئۆپێرادا، لیتمۆتیڤ مێلۆدییەکی دووبارەیە کە هاوشانی دەرکەوتنی بیرۆکەیەك، کەسێك، یان دۆخێك لێ دەدرێت. ئەم بیرۆکانە لە میوزیکی سەدەی نۆزدەهەمەوە زۆر یارمەتیدەر بوون بۆ دروستکردنی میوزیکی فیلم لە سەدەی بیستەمدا.

میوزیکی ڕۆمانسی دەتوانێت لەگەڵ هەر سەردەمێکی مێژوویی بگونجێت لە فیلمەکاندا. وات لێناکات تەنها بیر لە کاتێکی دیاریکراو بکەیتەوە وەك ڕابردوو یان داهاتوو. بۆ نموونە لە فیلمی (A Space Odyssey-2001) دا، میوزیکی ڕۆمانسی بە باشی لەگەڵ سروشتی فیلمەکەدا دەگونجێت کە شوێنەکەی لە بۆشایی ئاسماندایە. لە بەرامبەردا میوزیکی سەردەمی باڕۆك دەنگێکی مۆدێرنی هەیە و تەنیا لەگەڵ چیرۆکەکانی ئەو سەردەمەدا دەگونجێت، وەك فیلمی .(Dangerous Liaisons) بەڵام میوزیکی فیلمی  (East of Eden) یارمەتیدەرە بۆ نیشاندانی هەستی مۆدێرن، هەرچەندە فیلمەکە لە ڕابردوودا دانراوە. کەواتە، میوزیکی ڕۆمانسی لێرەدا نەبەستراوەتەوە بە سەردەمێکی دیاریکراوەوە و وات لێناکات بیر لە کاتێکی دیاریکراو بکەیتەوە، بە پێچەوانەی شێوازەکانی تری میوزیکەوە. بۆ نموونە کاتێك میوزیکەکە لە  فیلمی (Star Wars)دا دەست پێدەکات، پێتوانییە لە سەدەی نۆزدەهەمدا بێت. هەستدەکەیت پەیوەست نیە بە سەردەمێکی دیاریکراوەوە .(Brownrigg, M. 2003,p,23-25.)

## ٧- مەعریفە و هەست و ژانر.

لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا توێژینەوەکان لەسەر چۆنێتیی پەیوەستبوونی میوزیك بە هەستەکانەوە زۆر پەرەیان سەندووە و ئێستا بیرۆکەی بوارە جیاوازەکانی وەك توێژینەوەی میوزیك و دەروونناسی و زانستی مێشکیش لەخۆدەگرێت. زۆربەی توێژینەوەکان سەرنجیان لەسەر ئەو هەستانەیە کە میوزیك دەیبەخشێت بە گوێگر چونکە زیاتر پشت بە خودی میوزیکەکە دەبەستن نەك هەستە کەسییەکان. سێ ڕێگەی سەرەکی هەیە بۆ وردبوونەوە لەو هەستانەی میوزیك پێمان دەدات: مۆدێلی کاتیگۆری: هەستەکان لەسەر چەند جۆرێکی بنەڕەتی وەك ترس، توڕەیی، خەم و دڵخۆشی دامەزراوە. لە توێژینەوەکانی میوزیکدا، هەندێك هەستی وەك بێز زۆرجار نەگونجاوە و لەبری ئەوە دەگۆڕدرێت بە هەستێکی گونجاوتر وەك دڵخۆشی و ئارامی. مۆدێلی ڕەهەندی: دوو ڕەهەند بەکاردەهێنێت: یەکەمیان پێوانەی ئەوە دەکات

که ئایا هەستێك ئەرێنییە (وەك خۆشبەختی) یان نەرێنی (وەك خەم). دووەمیان وروژاندنە، ئەمەش دەبێتە پێوەر بۆئەوەی کە هەستێك چەندێك وزە لەخۆدەگرێت، لە وزەی بەرزەوە (وەك وروژاندن) تا وزەی کەم (وەك ئارامگرتن). ڕێگەی سێهەم بریتییە لە پێوەرەکانی میوزیکی هەستی جنێف: مۆدێلێکی وردە بۆ ئەو هەستانەی کە بەهۆی میوزیکەوە دروست دەبن بە نۆ پۆلەوە. سەرنج دەخاتە سەر هەست و سۆز و پێویستی بە داتای زیاترە بۆ کرداری مۆدێلکردنی گشتگیر. ئەم توێژینەوەیە سەرنجی لەسەر ئەو هەستانەیە کە میوزیك پێمان دەبەخشێت، بە شێوەیەکی سەرەکی مۆدێلی ڕەهەندی بەکاردەهێنێت، چونکە لەگەڵ زۆربەی لێکۆڵینەوەکانی پێشوودا گونجاوە.

ئەو لایەنانەی میوزیك کە وامان لێدەکەن وا بیر بکەینەوە ئاماژەیە بۆ دەربڕینی چەند هەست و سۆزێك. لە ساڵانی ١٩٣٠وە زانایان لێکۆڵینەوەیان لەسەر ئەوە کردووە کە چ تایبەتمەندییەکی میوزیکی ئەو هەست و سۆزانەمان پێ دەبەخشن. ئەوان زیاتر سەرنجیان خستۆتە سەر ئەوەی ئەو میوزیکە چ جۆرە هەستێك دەردەبڕێت نەك ئەوەی لە ڕاستیدا گوێگران هەست بە چی دەکەن ئەو کاتەی گوێیان لێ دەبێت. توێژینەوە نوێکان دەریدەخەن کە تایبەتمەندییە گرنگەکان بریتین لە دۆخی میوزیك (گەورە یان بچووك)، تێمپۆ (خێرایی)، داینامیکی (دەنگی بەرز)، قسەکردن (چۆن نۆتەکان لێدەدرێت)، دەنگ (کوالیتی تۆن) و دەستەواژە (چۆن نۆتەکان پۆلێن دەکرێن). بۆ نموونە میوزیکی خۆش زۆرجار تێمپۆیەکی خێرا و دەنگی بەرز و کلیلی مەیجەری هەیە، لە کاتێکدا میوزیکی خەمناك بەزۆری تێمپۆیەکی خاو و دەنگێکی نزم و کلیلێکی ماینەری هەیە. هەروەها هەست و سۆزە جیاوازەکانی وەك توڕەیی، ترس، ئارامی تایبەتمەندیی میوزیکیی خۆیانیان هەیە. بۆ شیکردنەوەی ئەم تایبەتمەندیانە، لە ئێستادا توێژەران شێوازەکانی بنەمای دەنگی بەکاردەهێنن چونکە ئەوان مەودای کوالیتیی دەنگەکان باشتر لە شێوازەکانی تر وەردەگرن .

زۆربەی توێژینەوەکانی ڕابردوو کە لەسەر میوزیك و هەستەکان ئەنجامدراوە، بە تایبەتی سەرنجیان خستۆتە سەر پێشبینیکردنی کاتیگۆرییەکانی هەست و سۆزە جیاوازەکان لە میوزیکدا. بۆ نموونە، ساڵی ٢٠٠٣ دوو توێژەر بە ناوی (لی و ئۆگیهارا )تایبەتمەندیەکانی وەکو زەنگ، ڕیتم و دەنگیان بەکاردەهێنا بۆ ڕاهێنانی ئامێری ڤێکتەری پشتگیری (SVM) لەسەر پۆلێنکردنی میوزیك بۆ ١٣ کاتیگۆری جیاوازی هەست، بەڵام ڕێژەی وردی تەنها ٤٥٪ بووە. ساڵی ٢٠٠٦ توێژەرێك بە ناوی (لو) لەگەڵ هاوکارانی تایبەتمەندییە دەنگییەکانی پەیوەست بە چڕی، دەنگ و ڕیتمیان بەکارهێنا بۆ دروستکردنی مۆدێلی تێکەڵەی گاوسی(GMMs) ، کە ئاستی وردی ٨٥٪ بەدەستهێنا. بەڵام نوێترین توێژینەوەکان وردبینییان لە پۆلێنکردنی هەستدا باشتر کردووە بە بەکارهێنانی تایبەتمەندییە دەنگییەکان. هەندێك هەست وەك "تووڕەبوون" و "هێوربوونەوە" ئاسانترە بۆ پێشبینیکردن بە ڕێژەی وردبینی زیاترە لە ٩٠٪، لەکاتێکدا هەندێك هەستی تری وەك "بێخەمی" و "خۆشەویستی" ٧٥-٨٠٪ وردترن.(Eerola, T. 2011,p,350-351) .

لە ساڵانی نەوەدەکاندا گۆڕانکارییەك ڕوویدا بۆ لێکۆڵینەوە لە ژانرەکانی فیلم بە شێوەیەکی فراوانتر، کە گرنگیی بە چۆنیەتی کارکردنی دەروون و هەستەکانمان دەدا. توێژینەوەکانی پێشووتر لە ڕێگەی کاروکردار و نەریتە باوەکانی ناو کەلتوورەکانەوە لە ژانرەکانیان دەڕوانی، ئەمانە بە قووڵی پەیوەست نەبوون بە دەروونناسیەوە. توێژینەوە نوێکان کە پێیان دەوترێت توێژینەوەی ژانری مەعریفی- سۆزداری، بە گرنگیدان بە بیرۆکە سەرەتاییەکان لە هەستەکانماندا، لە چۆنێتی تێگەیشتنمان لە چیرۆکەکان دەڕوانێ، لەوانەش چۆنێتیی ڕۆڵ ڕۆڵگێڕانی هەست و بیرکردنەوەکانمان. ئەم ڕێبازە بەگژ تیۆرییە دەروونییە کۆنەکاندا دەچێتەوە و هەردوو لایەنی دەروونی و مێژوویی چۆنیەتی کارلێککردنمان لەگەڵ فیلمەکاندا لەخۆدەگرێت. بەشداری سەرەکییەکان لەم ڕێبازە نوێیەدا بریتین لە: (دەیڤید بۆردوێل) کە باسی جۆرە جیاوازەکانی چیرۆکی کردووە و چۆن کاریگەرییان لەسەر بینەران هەیە. (نۆوێل کارۆل) کە لە گۆشەنیگای مەعریفی-هەستیارییەوە لە ژانرەکانی وەك فیلمی ترسناك و میلۆدراما دەڕوانێ، و (تۆرێن گرۆدال)، پێشنیاری ڕێگەیەکی نوێی کرد بۆ پۆلێنکردنی ژانرەکان بە پشتبەستن بە چۆنێتی بەشداریکردنی بینەران لەگەڵ فیلمەکان و وەڵامە سۆزدارییەکانیان. ئەو ئاماژەی بەوەدا کە ژانرەکان ڕەنگدانەوەی نەخشە دەروونی و سۆزدارییەکانن کە هاوشێوەی ئەزموونەکانی ژیانی ڕاستەقینەن. کارەکانی گرۆدال ڕوونی دەکەنەوە کە بۆچی هەندێك ژانری فیلم بەناوبانگن و پەیوەندییان بە چالاکییە دەروونی و سۆزدارییەکانمانەوە هەیە. توێژەرانی دیکە وەك (مرای سمیپ و کارڵ پلانتینگا)، توێژینەوەیان کردووە لەسەر ئەوەی چۆن لە ژانراو کارەکتەری فیلمەکان تێدەگەین و گرێیان دەدەینەوە بە ژیانی خۆمانەوە. گرۆدال بیرۆکەکانی فراوانتر کردووە بەئاراستەی مۆدێلێکی گەشەسەندووتر لە ئەزموونی فیلم، بەستنەوەی بە زانستی مێشك و پەرەسەندنی مۆدێرن (Bondebjerg, Ib, . 2015,p,162-163)

## ٨ - پەیوەندی نێوان ژانرەکانی فیلم و میوزیك.

پاش ئەوەی فیلمەکان دەنگیان بۆ زیاد بوو، ڕۆڵی میوزیك لە فیلمدا بە خێرایی ڕوون بووەوە. لە سەرەتاوە، زۆرجار تەکنیکی فیلمە بێدەنگەکانیان لەگەڵ میوزیك و کاریگەری دەنگی (ساوند ئیفێکتس) تێکەڵ دەکرد. ئەم تێکەڵکردنە تا ساڵی ١٩٢٩ بەردەوامبوو، هەرچەندە هەندێك سینەماکاری وەك (چاپلینیش) بەر لەوە لەسەر ئەم تەکنیکە بەردەوامبوون. لە سەردەمی کلاسیکی هۆلیوودا، میوزیك بەکاردەهێنرا بۆ دەرخستنی هەستەکان و باسکردنی چیرۆکەکە و ڕوونکردنەوەی ئەو ڕووداوانەی کە لەسەر شاشەکە ڕوویاندەدا. وایدەکرد گۆڕینی دیمەنەکان و تێگەیشتن لێیان ئاسانتر بێت. ئەو میوزیکەی لە سەرەتادا لێ دەدرا تۆنی فیلمەکەی دیاری دەکرد، هەروەك چۆن لە شانۆدا ئەمە بەدی دەکەین. بۆ نموونە لە فیلمە دەنگییە سەرەتاییەکانی وەك (All Quiet on the Western Front-1930) و-Dracula (1931)، لە سەرەتاو کۆتاییدا میوزیك بەکاردەهێنرا تاوەکو بینەر بە ئاسانی لە چیرۆکەکە تێبگات و بتوانێت لە سەرەتاوە تا کۆتایی بەدیار فیلمەکەوە دابنیشێت و تەماشای بکات. هەروەها میوزیك دەتوانێت شوێن و کاتی فیلمەکەش دیاری بکات. سروودە نیشتمانییەکان و ئاوازە

باوەکان و ئامێرە تایبەتەکان دەتوانن بە خێرایی بە بینەر بڵێن کە چیرۆکەکە لە کوێ و کەی ڕوودەدات. بۆ نموونە چەند نۆتێکی فیلمی La Marseillaise-1938)پێمان دەڵێت کە دیمەنەکە لە شاری پاریسە، یان دەنگی زەنگی تاوەری (بیگ بێن) پێمان دەڵێت کە دیمەنەکە لە شاری لەندەنە. ئامێرەکان دەتوانن کەلتوور جیاوازەکانمان پیشان بدەن، وەکو ئامێری باگپایپ کە تایبەتە بە سکۆتلەندا یاخود ئامێری دیدجیریدۆ کە ئوستورالییە. دوو ڕێگەی سەرەکی هەیە بۆ بەکارهێنانی میوزیك لە فیلمدا: یەکەمیان، میوزیکی بەردەوام، واتە بەردەوام میوزیکێك هەبێت لە باگگراوندا، زۆربەی فیلمەکانیش ئەمەی تێدایە، نموونەش وەك فیلمی (Gone With the Wind-1939) و زنجیرە فیلمی .(Star Wars) دووەمیان لیتمۆتیفە، کە پارچە میوزیکێکی تایبەتە کە ئاماژە بە کارەکتەرێك، بیرۆکەیەك، یان بابەتێکی دیاریکراو دەکات لە فیلمەکەدا.

میوزیکی فیلم پێویستە لەگەڵ دیمەنەکەدا بگونجێت، بۆ نموونە بەکارهێنانی میوزیکی دیسکۆ لە فیلمێکی (وێستێرن) ناگونجێت ئەگەر بۆ مەبەستێکی کۆمیدی نەبێت. ئەگەر دیمەنێکی ڕۆمانسی میوزیکێکی ترسناکی تێدابێت، بینەر لەبری هەست کردن بە ڕۆمانسییەت، بە پێچەوانەوە هەست بە ترس دەکات. میوزیك لە فیلمەکاندا یارمەتیدەرە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەی لە دیمەنێکدا ڕوودەدات، وەك چۆن ژێرنووسەکان وێنەکانی ناو ڕۆژنامەکان ڕوون دەکەنەوە. هەر ژانرایەکی فیلم شێوازی میوزیکی تایبەتی خۆی هەیە. بەڵام زۆرجار فیلمەکان ژانری جیاواز تێکەڵ دەکەن، بۆیە میوزیکەکە دەگۆڕێت بۆ ئەوەی لەگەڵ دیمەنەکەدا بگونجێت. بۆ نموونە لە فیلمێکی وێستێرندا کە دیمەنێکی خۆشەویستی تێدابوو، میوزیکەکە دەگۆڕا بۆ شێوازێکی ڕۆمانسی. فیلمەکانی وەك (Dances With Wolves-1990) زیاتر میوزیکی شێوازی وێستێرن بەکاردەهێنا بەڵام لە هەندێك دیمەندا میوزیکەکە دەگۆڕا بۆ میوزیکێکی ڕۆمانسی کە تیایدا دیمەنەکە دیمەنێکی خۆشەویستی بوو، یاخود دەگۆڕا بۆ میوزیکی جەنگ بۆ ئەو دیمەنانەی شەڕیان تێدابوو. فیلمە پارۆدیەکان گاڵتە بەم یاسا میوزیکیانە دەکەن، ئەوەش نیشان دەدەن کە یاساکانی میوزیك تایبەت بە ژانر بەڕاستی هەن. خاڵی سەرەکی ئەوەیە کە لەگەڵ گۆڕانی چیرۆکەکەدا، میوزیکەکەش لەگەڵیدا دەگۆڕێت بۆ بەهێزکردنی دیمەنەکە(.Brownrigg, M. 2003,p,29-31-49-51) .

میوزیك لەسەر سکرینی سینەما توانای ئەوەی هەیە کە دزەبکاتە ناو ناخی کارەکتەرەکان و دیمەنەکان ئاوێتەی هەستی ترسناکی و خۆشی و ناخۆشی و نەهامەتیەکان بکات. توانای ئەوەی هەیە ڕێرەوی گێڕانەوەکە بە خێرایی بەرەو پێشەوە ببات یان سستی بکاتەوە. زۆرجاریش دیالۆگەکان تا ئاستی شیعر بەرز دەکاتەوە و دواجاریش پەیوەندی نێوان سکرین و بینەر کاردەکات و لە یەك ئەزموونداا کۆیان دەکاتەوە. لە فیلمی (Jaws ) دا، ئەو دەمەی قرشەکە نزیك دەبێتەوە تراکی میوزیك لە سەرەتادا ئەو باری سەرنجەمان لا دروست دەکات کە قرشەکە دیسانەوە دەگەڕێتەوە و بەوەش کاردانەوەی سۆزداریمان دەوروژێنێت.( سەرچاوەی پێشووMariani,p.5-6).

## ٩- کاریگەرییەکانی میوزیك لەسەر گێڕانەوەی فیلم.

یەکێك لەو بیردۆزانەی کە زۆر باس دەکرێت و ئاماژەی پێ دەدرێت، بیردۆزەکەی فرانکۆ فابری میوزیکۆلۆجیستی ئیتاڵییە، کە لە ساڵی هەشتاکاندا دایناوە. فرانکۆ فابری ئەو ژانرە بە کۆمەڵێك ڕووداو و ئیڤێنتی هونەریی جۆراوجۆر لە قەڵەم دەدات کە پابەندن بە هەندێك نۆرمی کۆمەڵگاوە و بە شێوەیەکی فراوان قبوڵکراون، ئەو نۆرمانەش بریتین لە: ستایل: واتە چۆنێتیی دارشتن و ژەنینی میوزیك و تێکستەکان. مانا: واتە شێوازی تێگەیشتن لە میوزیکەکە و ڕێکخستنی بینەران و میوزیکژەنەکان لە ئیڤێنتێکی میوزیکیدا. ڕەفتار: واتە شێوازی مامەڵەکردنی هونەرمەند و کارلێککردنی لەگەڵ بینەر و کەسانی دیکەدا. نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان: واتە باگگراوندی کۆمەڵایەتی و بیروباوەڕەکانی پەیوەست بە ژانرەکەوە. نۆرمی ئابووری: واتە لایەنی بەرهەمهێنان و لایەنە یاساییەکانی ژانرەکە. بە بۆچوونی فرانکۆ فابری، ژانرای نوێ کاتێك پەیدا دەبێت کە ئەو نۆرمانەی پێشتر هەبوون وردە وردە کاڵ ببنەوە و کۆن ببن، بینەر دەزانێت چاوەڕوانی چی بکات و بایەخ بەو میوزیکە دەدات کە یاسا ئاساییەکان دەشکێنێت، ئەمەش هۆکار دەبێت بۆ دروستبوونی ژانرایەکی نوێ. لە ڕوانگەی (فابری)یەوە، شکاندنی ئەو نۆرمانەی کە هەن دەبنە دروستبوونی میوزیکی ئاڤانت-گارد (لە فەرەنسییەوە: واتە "پاسەوانی پێشەنگ")، کە لە کۆتاییدا دەتوانرێت پێناسە بکرێت و ببێتە ژانرایەکی نوێ بە یاسای تایبەت بە خۆی، بەڵام ئەگەری ئەوەی هەیە دواتر ئەم ژانرایەش کۆن ببێت. زۆر کەس ڕەخنە لە بیردۆزەکەی (فابری) دەگرن، چونکە پێیان وایە یاساکانی دان بەوەدا نانێن کە چۆن شێوازەکانی میوزیك دەکرێت بە تێپەڕبوونی ساڵەکان بگۆڕدرێن و بەرەوپێش بچن. بۆ نموونە (سایمن فریت) باس لەوە دەکات کە ژانرەکانی میوزیك هەمیشە لە گۆڕاندان. هەروەها (جێنیفر لینا) باس لەوە دەکات کە چۆن جۆرە نوێکانی میوزیك دەکرێت لەو ژانرە کۆنانەوە وەربگیرێن کە خەریکە کاڵ دەبنەوە. ئەم ئاڤانت-گاردە نوێیە دەکرێت ببێتە هۆی دروستبوونی ستایلی میوزیکێکی تەواو نوێ کە ڕەنگە هاوبەشییەکی زۆریان لەگەڵ ژانرە ڕەسەنەکەدا نەبێت، ڕەنگە تەنها لە بیرۆکە بنەڕەتییەکانیاندا هاوشێوەبن. لینا باس لە ژانرای پۆست-پەنك دەکات، کە ژانرایەکە لە دوای (پەنك-ڕۆك)ەوە سەریهەڵداوە. جێگرەوەیەکی پێشکەش کرد بۆ فۆرمەکانی پانك کە زیاتر نەریتی و وەرگیراون. پۆست پانك بژاردەیەکی جیاوازی پێشکەش کرد بە بەراورد بەو ستایلە (پەنك) کە زیاتر ئاسایی بوون و کەمتر ڕەسەن یان داهێنەرانە بوون، بە شێوەیەکی سەرەکی DIY ( :Do it Yourself)واتە هەڵوێستی خۆت لەگەڵ فۆرمەکەی پێش خۆیدا هاوبەش دەکرد .

بیرۆکەکانی سایمن فریپ و کاریگەرییەکانی لە کتێب (Performing Rites) ڕێوڕەسمییەکانی ژەنینی میوزیکدا، سایمن فریپ نووسەری کتێبەکە دەڵێت ژانرەکان وەك یاسایەك وان کە ڕێنمایی چۆنێتی دروستکردن و چێژوەرگرتن لە میوزیك و فرۆشتنی دەکەن، ئەو دەیەوێت لەوە تێبگات کە چۆن جۆرە جیاوازەکانی ژانراکانی میوزیك کاریگەرییان هەیە لەسەر بەهادان بە میوزیکە باوەکان، بۆ ئەم مەبەستەش کۆمەڵناسی بەکاردەهێنێت بۆ لێکۆڵینەوە لەم بابەتە. کیپ نیگەس توێژینەوە لەسەر ئەوە دەکات کە چۆن ئەو کۆمپانیایانەی میوزیك

بەرهەمدەهێنن کاریگەرییان لەسەر جۆرە جیاوازەکانی میوزیك هەیە. ئەو پێی وایە کۆمپانیا بەرهەمهێنەرەکانی میوزیك هۆکارن بۆ بەرهەمهێنانی ئەو میوزیکانەی کە بەناوبانگن و ئەو میوزیکانەش لە بەرامبەردا کاریگەرییان دەبێت لەسەر ئەو بەرهەمهێنەرانە. نیگەس باس لەوە دەکات کە چۆن شێوازی دروستکردنی میوزیك و فۆرمەکانی و ناوەڕۆکەکانی لەلایەن بەرژەوەندییە بازرگانییەکانەوە لە قاڵب دەدرێن. ئەو لەم ڕوانگەیەوە لێی دەڕوانێت کە کەلتوور لە ڕێگەی پرۆسەی داهێنەرانەوە دێتە ئاراوە، نەك تەنها بە پەیڕەوکردنی یاسا توندەکان یان ئامانجە بازرگانییەکان .هەروەها باس لەوە دەکات کە کەلتوور کاریگەریی لەسەر بازرگانی بەرهەمهێنانی میوزیك هەیە. کەلتوور تەنها لە ڕووە بازرگانییەکەوە بە یەك شێوازی دیاریکراو پەیدا نەبووە. بەڵکو لە ئەنجامی چالاکیی ڕۆشنبیریی ڕۆژانەوە سەرچاوەی گرتووە کە بەرهەمهێنەران دەبێت تێبینی ئەمە بکەن و پەیڕەوی بکەن. بەرهەمهێنەرانی میوزیك بڕیار نادەن کە میوزیك چ مانایەکی هەبێت. کەلتووریش لە ئەنجامی یاسا و پرۆسەی توند و نەگۆڕەوە دروست نابێت. بە پوختی بەرهەمهێنەرانی میوزیك هەوڵدەدەن بە شێوەیەك میوزیك بەبازاڕ بکەن کە فرۆشتنیان ئاسان بێت. بەڵام سەرەڕای ئەوەش میوزیك لە بنەڕەتدا پەیوەستە بەو کۆمەڵگا و کەلتوورەی کە لێیەوە سەریهەڵداوە. کارلێکی نێوان ئەم دوو قۆناغە کاتێك دەست پێدەکات کە شێوازە جۆراوجۆرەکانی میوزیك لە کۆمەڵگادا لەلایەن بەرهەمهێنەرانی میوزیکەوە دەکرێن بە ستاندارد. ئەمەش بەو مانایە دێت کە ژانراکان ئەوەندە جێگیر و دیاریکراو دەبن کە ڕێنمایی ئەو هونەرمەندانە دەکەن کە دەیانەوێت لەگەڵ کۆمپانیا بەرهەمهێنەرەکاندا کار بکەن، ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر داهێنان بەهۆی پێشنیارکردنی هەندێك یاسا و ڕێسای دیاریکراو. لە ئەنجامدا کەلتوورێك لە چوارچێوەی ژانراکان دروست دەبێت کە شێوازی بەبازاڕکردنی میوزیك دیاری دەکات و بڕیار دەدات لەسەر ئەوەی چ جۆرە میوزیکێك پەرەی پێبدرێت و بفرۆشرێت. لە کۆتاییدا نیگەس لەگەڵ فریت هاوڕایە کە ژانراکان یارمەتیی بەرهەمهێنەرانی میوزیك دەدەن لە بەستنەوەی ئاوازی میوزیکەکە بەو کەسانەی کە گوێی لێدەگرن و دەیکرن.( Merlini, M. 2020, 86-89) .

میوزیك کاریگەریی لەسەر تێگەیشتنی بینەر بۆ ناوەڕۆکی فیلم هەیە، بەتایبەتی لە داڕشتنی دیدگای بینەر بۆ کارەکتەرەکان و شێوازی گێڕانەوەکان. خاتوو (دێکا نیوڵین) لە توێژینەوەیەکیدا تایبەت بە شاکارە سینەماییەکەی ئەلفرێد هیچکۆك (ڤێرتیگۆ) بەرهەمی ساڵی (١٩٥٨) ئاماژە بەوە دەکات، هیچکۆك وەستایانە میوزیکی ئاوێتەی دیمەنەکانی فیلمەکە کردووە بۆئەوەی هەستەکانی ناوەوەی کارەکتەرەکە لە قاڵب بدات. لە دیمەنێکدا لێکۆڵەرەکە خۆی ئامادە دەکات بۆ ڕاوەدوونانی تۆمەتبارێك لەسەر سەقفی باڵەخانەیەك، بەڵام ترسی لە بەرزاییەکان دەبێتە ئاستەنگێکی گەورە لەبەردەمیدا و لێرەدا میوزیك دەبێتە ئامرازێك بۆ دەربڕینی ئەو تنگەتاویە دەروونییەی. هیچکۆك بە دەستکاریکردنی ڕەگەزەکانی میوزیك، بە سەرکەوتوویی دەستی بە هەستەکانی کارەکتەرەکە دەگات، و ئەوەش دڵەڕاوکێی ناو دیمەنەکە زیاتر دەکات و هەستەکانی بینەر بە شێوەیەکی کارا لە دیمەنەکەدا بەشدار دەکات.(سەرچاوەی پێشوو Zhuang ,p.596-597 ).

## بەشی پراکتیکی

## ڕاستی و جێگیری:

ڕاستی توێژینەوە: یەکێك لە هەنگاوە گرنگەکانی بواری پراکتیکی هەڵسەنگاندنی فۆرمەکانی توێژینەوەکەیە لە لایەن پسپۆڕانەوە، بە مەبەستی گەیشتن بە ڕاستیی توێژینەوە، بۆیە توێژەر پێش هەنگاوە پراکتیکیەکان ، فۆرمی شیکاری ناوەڕۆکی بە سەر ٣پسپۆڕی هەردوو بواری(میدیاو سینەما)دا دابەش کرد و دوای گەڕانەوەی فۆرمەکان لە لایەن هەڵسەنگێنەرانەوە و بە هەند وەرگرتنی سەرنج و تێبینییەکانیان، لە کۆی (٣٩ )برگە (٣٥ )یان بوونە برگەی دروست و(٤)شیان بوونە برگەی نادروست. پاشان بۆ گەیشتن بە ڕاستی توێژینەوەکە،توێژەر پشتی بە هاوکێشەی هۆڵستی بەستووە، کەئەنجامەکەی بریتیە لە (٨٩,٧٤ % ) ئەمەش دەبێتە ڕێژەیەکی بەرزو پەسەندکراوی زانستی بۆ توێژینەوەکە. بڕوانە پاشکۆی( ١).

ژمارەی گشتی دەستەی شیکاری = 13

ژمارەی پسپۆڕان=3

کۆی گشتی دەستەی شیکاری= ژمارەی دەستەکانی شیکاری × ژمارەی پسپۆڕان(13×3= 39)

کۆی دەستە پەسەندکراواکان = 35

کۆی گشتی دەستە پەسەندنەکراوکان= 4

ڕاستی و دروستی دەستەی شیکاری= (کۆی گشتی دەستە پەسندکراوەکان÷ کۆی گشتی دەستەی شیکاری)× 100

$$\frac{13+13+9}{39}\times 100 = \%89.74$$

جێگیریی توێژینەوە: بە مەبەستی دیاریکردنی ڕادەی جێگیری شیکاری ناوەرۆکی توێژینەوەکە و دووبارە کردنەوەی لە ڕێگەی کاتەوە، دوای تێپەڕبوونی یەک مانگ دووبارە زانیارییەکانی فۆڕمی شیکاری ئەژمارکردنەوەی بۆ ئەنجامدرا، پشت بەست بە هاوکێشەی (هۆڵستی) جێگیری گەیشتە ڕێژەیەکی پەسەندکراوی زانستی کە بریتیە لە (0.93) .

هاوکێشەی ئاماری هۆلستی بۆ دەرهێنانی جێگیری توێژینەوە بریتیە لە:

$$CR = \frac{2M}{N1 + N2}$$

M : ژمارەی هاویەکی نێوان دوو ئەژمارکردنەکە
N1 : ژمارەی داتاکان لە ئەژماری یەکەمدا
N2 : ژمارەی داتاکان لە ئەژماری دووەمدا

لە بەشی پراکتیکی ئەم توێژینەوەیەدا تیشک خراوەتە سەر تراکە دەنگییەکانی فیلمی(١٩٨٨و ئالودە) وەک سامپڵی توێژینەوەکە بەشێوەیەکی شیکاری وەسفی هەریەک لەو تراکانە دەکرێت کە لەم فیلمانەدا بەکارهێنراون بۆ گوزارشتکردن لە دیمەن و ڕووداوەکانی نێو فیلمەکان .

## فیلمی ١٩٨٨

فیلمی ١٩٨٨: کە لە نوسین و دەرهێنانی هێژوان زەندییە، بەرهەمی ساڵی ٢٠٢٢ و کاری میوزیکی لەلایەن (نەوروز تەنیایە)کە کۆمپۆزەرێکی کوردی دانیشتووی وڵاتی کەنەدایە، چیرۆکی فیلمەکە باس لە تراژیدیای کیمابارانی هەڵەبجە دەکات کە ماوەکەی(١:٢٠:٥) سەعاتێک و بیست خولەک و پێنج چرکەیە .

لەم فیلمەدا میوزیک ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت هاوشانی چیرۆکەکان هەر لە سەرەتای فیلمەکەوە کە بە نزیکەیی چل تراکە و وەک ئێکسترا کرێدت نوسراون. هەر لە خوولەکی چوارەمی فیلمەکەوە:

تراکی یەکەم: لە (٤:٢٠) دەستپێدەکات، کە میوزیکی وروژێنەری ترس ئامێزە گوزارشت لە کەشێکی پڕ لە دڵەڕاوکێی دیمەنەکە دەکات. بەڵام دواتر لە(٤:٥٥) دەنگ ئارامدەبێتەوە و پێناسەی ئەو هەستە دەکات کە خوێ لە دڵسۆزییدا دەبینێتەوە تەنها بۆ ماوەی حەوت چرکە. پاشان دەگەڕێتەوە هەمان کەشی ترس و دڵەڕاوکێ و گومانیش لەگەڵیدا.

تراکی دووەم: لە (١١:٤٦) دەستپێدەکات کە ئاوێزانی دیمەنێکی پڕ لە تێڕامان و دەستەوەستانە، تا(١٢:١٤) کۆتایی دێت.

تراکی سێیەم: لە (٢٢:٢٢) دەستپێدەکات تا (٢٣:١٩) بەردەوام دەبێت کە تێکەڵەیەکە لە پیشاندانی ڕق و تۆڵە وترس، دوای سێ چرکە میوزیک دەستپێدەکاتەوە.

تراکی چوارەم: لە (٢٣:٢٢) دەستپێدەکات لە (٢٣:٣٩) کۆتایی دێت، میوزیک بە نەرمی گوزارشت لە چارەنووسی نادیاری دوو منداڵ دەکات لە ئامێزی باوکیاندا،پاشان هەنگاونانە بەرەو مەرگ. میوزیک کار لەسەر بەستنەوەی دوو دیمەن دەکات لە نێوان ژیان و مردنی ئەو کارەکتەرە بێتاوانانەی دەبنە قوربانی کە دووانیان منداڵ و ئەوانی تر گەنجانی نیشتیمانن.

تراکی پێنجەم: لە (٣٣:٣٦) دەستپێدەکات تا (٣٤:٢١) بەردەوام دەبێت، پێناسەیە بۆ نیگەرانی و تراژیدیا وهەڵاتن تا مردن.

تراکی شەشەم: لە (٣٦:١٤) دەستپێدەکات تا (٣٧:٢١) بەردەوام دەبێت، میوزیک بە ئامێری چەلۆ گوزارشت لە دیمەنێکی پڕ لە حەسرەت دەکات.

تراکی حەوتەم: لە (٤٨:٠٣) دەستپێدەکات تا ( ٤٩:٠٤) کە میوزیک کار لەسەرهەستی ئارامی و نائارامی دەکات.

تراکی هەشتەم: لە (٥١ :٥٢) دەستپێدەکات کۆکردنەوەی دیمەنەکان و ئامادەکردنی هەستی بینەرە بۆ ئەوەی ئیتر وردە وردە هەمووان لە کەناری نادیاری و بێ ئارامییەوە پەلکێش دەکات بەرەو هەڵدێر کە گۆرانی تێکەڵ بەم میوزیکە دەبێت و وێنەی نیشتیمانی تێدا بەرجەستە دەبێت، کە پیانۆ ڕۆڵی سەرەکی تێدا دەگێڕێت تا (٥٣:٥٢) بەردەوام دەبێت، بەڵام کۆتایی ئەم تراکە ئامادەسازییە بۆ ڕووودانی ڕووداوێکی خراپتر.

تراکی نۆیەم: لە ( ٥٩:٠٤) دەستپێدەکات تا ( ١:٠٠:٢٠) کۆتایی دێت کە سەرنج پەرت و بڵاوەبێتەوە لە نێو مانو نەماندا.

تراکی دەیەم: لە ( ١:٠٦:٢١) دەستپێدەکات تا ( ١:٠٨:١٧) بەردەوام دەبێت، ئازاری دیمەنەکان بە میوزیکێک پێناسە دەکریت کە گوزارشت لە نەمانی هەناسە و دەستبەرداربوونی ژیان دەکات بە ناچاری.

تراکی یانزەیەم: لە ( ١:٠٨:٤٧) دەستپێدەکات تا ( ١:١٠:٤١) بەردەوام دەبێت، ئیتر لێرەوە میوزیک تەنها گوزارشتە لە تراژیدیایە و دوورکەوتنەوەیە لە دڵەڕاوکێ و دوودڵی بەڵکو مردن بۆتە یەکلاکەرەوەی دواندنی هەست بینەر.

تراکی دوانزەیەم: لە (١:١١:٠٥) دەستپێدەکات تا ( ١:١٤:٤٥) بەردەوام دەبێت کە درێژترین تراکی ئەم فیلمەیە، کە بەهەمان شێوە درێژەپێدەری هەستی تراژیدی و کارەساتبارییە و گرێدەدرێتەوە بە گۆرانییەکەی مەزهەری خالقی و دەبێتە کۆتایی فیلمەکە.

**خشتەی (١)**

**دەستەی یەکەم پەیوەندی ژانر و میوزیک**

**یەکەی شیکاری بۆ پەیوەندی نێوان میوزیک و ژانر لە دیمەنەکاندا.**

| ژ | ژانر و میوزیک | چەندبارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| ١ | دراما | ٨ | %٥٣ |
| ٢ | ئاکشن | ٥ | %٣٣ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣ | ترسناک | ٢ | %١٣ |
| ٤ | کۆمیدی | - | - |
| | تێکرای گشتی | ١٥ | %١٠٠ |

لەم خشتەیەدا دراما بە پلەی یەکەمی ڕیزبەندییەکە دێت، ئاکشن پلەی دووەم، و گوزارشتکردنی میوزیک لە ترس بە پلەی سییەم دێت. لەو سۆنگەیەوە کە میوزیک ئاوێزانی ئەو دیمەنانە دەبێت کە بە خەسڵەت و سیمای فیلمەکەوە دەردەکەوێت.

**خشتەی (٢)**

**دەستەی دووەم کاریگەریی میوزیک لەسەر هەست**

**لەم خشتەیەدا شیکاری بۆ ڕۆڵی میوزیک دەکرێت، کە تا چەند بە پێ دیمەن هەستی بینەر دەدوێنێ.**

| ژ | میوزیک و هەست | چەندبارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| ١ | غەمباری | ٩ | %٣٣ |
| ٢ | شادی | ٢ | %٧ |
| ٣ | ترس | ٧ | %٢٥ |
| ٤ | توڕەیی | ٦ | %٢٢ |
| ٥ | هێمنی | ٣ | %١١ |
| | تێکرای گشتی | ٢٧ | %١٠٠ |

لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت میوزیک کۆکەرەوەی هەموو ئەو هەستانەیە کە لە نێو دیمەنی فیلمدا هەن، بە جۆرێک هەستی غەمباری پلەی یەکەمی ڕیزبەندییەکە پێکدێنێت، لەو سونگەوەی فیلم هەڵگری پەیامێکی پڕ لە تراژیدی گەلێکە. ترس پلەی دووەمی ڕیزبەندییەکە پێکدێنێت، توڕەیی پلەی سێیەم، هێمنی و شادی پلەی چوارەم و پێنجەم. ئەمەش گوزارشت لەوە دەکات میوزیک توانیوێتی بە پێی دیمەن هەست بگوازێتەوە بۆ بینەر.

**خشتەی (٣)**

**دەستەی سێیەم پەیوەندی نیوان میوزیک و پلۆت**

**لەم دەستەیەشدا تیشک دەخرێتە سەر ئەو پەیوەندییەی کە میوزیک لەگەڵ پێکهاتەکانی پلۆتدا دروستی دەکات بە پێی دیمەن.**

| ژ | میوزیک و ژانر | چەندبارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| ١ | هاوتایی میوزیک و دیمەن | ٩ | %٢٩ |
| ٢ | گۆڕانی میوزیک لەگەڵ گۆڕانی دیمەندا | ٩ | %٢٩ |
| ٣ | ئامادەسازی میوزیک بۆ پێشهاتەکانی دواتر | ٤ | %١٢ |
| ٤ | میوزیک پەیام و کارکتەر و کاردانەوەکانی بەیەکەوە دەبەستێتەوە | ٩ | %٢٩ |
| | تێکرای گشتی | ٣١ | %١٠٠ |

لەم خشتەیەدا هاوتایی میوزیک و گۆڕانی دیمەن و گرێدانەوەی میوزیک لە نێوان پەیام و کارکتەرو کاردانەوەی بە هەمان پلە دێن، ئەمەش دەبێتە دەرخەری ئەوەی کۆمپۆزەر توانیوێتی هاوسەنگی لە نێوان میوزیک و دیمەندا دروست بکات و بیخاتە خزمەتی پێکهاتەکانی پلۆتەوە لە فیلمەکەدا. هەرچەند لە نێو فیلمدا میوزیک ئامادەسازی بۆ ڕوودانی پێشهاتەکانی دواتر کەمتر کاری لەسەر کراوە، دەشێ ئەمەش بارێکی ئاسایی بێت بەو پێیەی بەگشتی لە نێو فیلمدا کاری میوزیک لە بارەی ئامادەسازییەوە بۆ پێشهاتەکانی دواتر کەمتر بەهەند وەردەگیرێت.

## فیلمی ئالودە

**ئالودە:** نوسین و دەرهێنانی سیروان محمد، بەرهەمی ساڵی( ٢٠٢٢)ە کاری میوزیک نەوڕۆز تەنیا.کە باس هەڵوەشاندنەوەی خێزان و ئەو نەهامەتییانەی ژیان دەکات کە لە سەردەمی ئێستادا. لە فیلمی ئالوودەدا، چەلۆ گرنگترین ڕۆڵی هەیە لای کۆمپۆزەر هاوتای کارەکتەری سەرەکیە ، لە ڕووی دەروونییەوە زۆر لە مێلۆدی و ئەتمۆسفێرەکان بەرەو خوار دەڕۆن وەک ئاماژەیەک بۆ شکان و تەڵخبوون و باری دەروونی کارەکتەری سەرەکی. کە زیاتر کە مەبەست لێ گرنگیدانە بە نەخشی دەنگ، نەک فۆرمی مێلۆدی، کە بەکاردێت بۆ دروستکردنی کەشێک، یان بارودۆخێکی دەروونی دیاریکراو. ماوەی فیلمەکە ٢,١١,٤٥ دوو کاتژمێر و یانزە خولەک و چل و پێنج چرکەیە.

تراکی یەکەم: ٢:١٧ دوو خولەک و حەڤدە چرکە دەستپێدەکات تا ٣:٠٠ سێ خولەک بەردەوام دەبێت،کە دەنگی میوزیک نەرم و ئاساییە.

تراکی دووەم: ١٠:١٥ دە خولەک و پانزە چرکە دەستپێدەکات تا ١١:١٠ یانزە خولەک و دە چرکە بەردەوام دەبیت، میوزیک بە پیانو دەبێتە دەربڕی هەستی گومان و تاسانە.

تراکی سێیەم: ١٢:١٢ دوانزە خولەک و دوانزە چرکە دەستپێدەکات تا ١٤:٥٩ چواردە خولەک و پەنجا و نۆ چرکە بەردەوام دەبێت، میوزیک نەرم و ڕەگەزێکی کاڵە لە دیمەنەکەدا هەرچەندە دیمەن پڕ لە گرژی و ئاڵۆزییە.

تراکی چوارەم: ١٧:١٤ حەڤدە خولەک وچواردە چرکە دەستپێدەکات تا١٨:٠٠ هەژدە خوولەک بەردەوام دەبێت، میوزیک زۆر نەرم و پاشان کەمێک دەنگ بەرز دەبێتەوە نابێتە مایەی گوزارشتێکی دیار لەگەڵ دیمەندا.

تراکی پێنجەم: ١٨:٤٦ هەژدە خولەک و چل وشەش چرکە دەستپێدەکات تا١٩:٢٦ نۆزدە خولەک و بیستو شەش چرکە بەردەوام دەبێت، کە ئاماژەیە بۆ هەستی دڵەڕاوکێ و نائارامی.

تراکی شەشەم: ٢٢:٢٩ بیست و دوو خولەک و بیست و نۆ چرکە دەستپێدەکات تا ٢٣:٥٠ بیست و سێ خولەک و پەنجا چرکە کۆتایی دێت، و دیمەن زیاتر ئاوێزانی ئازار و غەمبارییە، بەڵام میوزیک نەرمە و دواتر وردە وردە بەرز دەبێتەوە.

تراکی حەوتەم: ٢٥:١٥ بیست و پێنج خولەک و پانزە چرکە دەستێدەکات، ٢٦:١٢ بیست و شەش خولەک و دوانزە چرکە کۆتایی دێت، میوزیک بەردەوامی دەدات بە پیشاندانی پەشۆکاویی و نائارامی شپرزەیی لەم دیمەنەشدا.

تراکی هەشتەم: ٢٦:٣٠ بیست وشەش خولەک و سی چرکە دەستپێدەکات تا ٢٨:٤٦ بیست و هەشت خولەک و چل وشەش چرکە بەردەوام دەبێت، میوزیک بەرزترە، و پاشان دەگەڕێتەوە باری نەرمی و بەم شیوەیە بەردەوام دەبێ، بەڵام دیمەن توندتر و ترس ئامێزترە کاتێک دیمەن ئاسایی دەبێتەوە میوزیک توندتر گوزارش دەکات کە دەبوو لە ترسەکەدا بەو شێوەیە بێت.

تراکی نویەم: ٣٠:٣٨ سی خولەک و سی وهەشت چرکە دەستپێدەکات تا ٣١:٤٨ سی ویەک خولەک و چل و هەشت چرکە بەردەوام دەبێت، دیمەن توندە بەڵام میوزیک هەر بە تونێکی نەرمتر دەڕوات .

تراکی دەیەم: ٣٥:١٠ سی وپێنج خولەک و دە چرکە دەستپێدەکات تا ٣٦:٢٨ سی و شەش خولەک و بیست و هەشت چرکە بەردەوام دەبێت، دیمەن پڕە لە هەستی تاسان و حەپەسان بەڵام میوزیک نەرمە، و دواتر بەرزدەبێتەوە تا ڕادەیەکی زیاتر لەوانەی پێشوو.

تراکی یانزەیەم: ٣٨:٤١ سی وهەشت خولەک و چل و یەک چرکە دەستپێدەکات ٤٠:١٠ چل خولەک و دە چرکە کۆتایی دێت، میوزیک دەبێتە مایەی دەربڕینی غەمباری و دڵتەنگی و نائارامی هەڵچوونێکی نائومێدی و بێدەسەڵاتی.

تراکی دوانزەیەم: ٤٢:٠٠ چل و دوو خولەک دەستپێدەکات تا ٤٢:٤٤ چل و دوو خولەک و چل و چوار چرکە بەردەوام دەبێت، میوزیک دەربڕی هەمان هەستی یمەنی پێشووترە.

تراکی سیانزەیەم:٤٥:٢٢ چل وپێنج خولەک وبیست و دوو چرکە دەستپێدەکات تا ٤٦:٢٠ چل وشەش خولەک و بیست چرکە بەردەوام دەبێت، میوزیک گوزارشت لە ئازاری ویژدان و ترس و دڵەڕاوکێ دەکات.

تراکی چواردەیەم :٤٧:٣٥ چل وحەوت خولەک و سی وپێنج چرکە دەستپێدەکات لە ٤٩:٢٥ چل و نۆ خولەک و بیست وپێنج خولەک کۆتایی دێت. میوزیک گوزارشت لە هەستی تاسان و شۆک و دەربڕین ئازارێکە، کە ئەوپەڕی بێدەسەڵاتییە.

تراکی پانزەیەم : ٥٠:١٧ پەنجا خولەک و حەڤدە چرکە دەستپێدەکات تا ٥١:٣١ پەنجا ویەک خولەک و سی و یەک چرکە بەردەوام دەبێت، میوزیک هەر دووبارەی ئەو یمەنانەیە پڕ لە ئازار و گومان و نائارامییە.

تراکی شانزەیەم : ٥٤:٥٧ پەنجا وچوار خولەک و پەنجا و حەوت چرکە دەستپێدەکات تا ٥٥:٥٠ پەنجا و پێنج خولەک پەنجا چرکە کۆتایی دێت،هەر دووبارەی میوزیکی دیمەنەکانی پیشوو بوو.

تراکی حەڤدەیەم: ٥٨:١٥ پەنجا وهەشت خولەک و پانزە چرکە دەستپێدەکات تا ٥٩:٥٤ پەنجا و نۆ خولەک و پەنجاو چوار چرکە کۆتایی دێت، دیمەن توندو تیژە بەس میوزیک نەرمە.

تراکی هەژدەیەم:١:٠٤:٤١ یەک کاتژمێر و چوار خولەک و چل ویەک چرکە دەستپێدەکات لە ١:٢:٤٨ یەک کاتژمێر و دوو خولەک و چل و هەشت چرکە کۆتایی دێت، میوزیک نەرم و هێواشە، هەرچەندە دیالۆگ توند و پڕ لە ئازارە.

تراکی نۆزدەیەم :١:٠٩١٦ یەک کاتژمێر و نۆ خولەک و شانزە چرکە دەستپێدەکات لە ١:١١:٢٦ یەک کاتژمێر و یانزە خولەک و بیست و شەش چرکە کۆتایی دێت، دیمەنی خۆشی و ناخۆشی تێکەڵ دەبێ و چەلۆ گوزارشت لە غەم و ئازار دەکات.

تراکی بیستەم:١:١٤:٤٠ یەک کاتژمێر و چواردە خولەک و چل چرکە دەستپێدەکات تا ١:١٧:٣٧ یەک کاتژمێر و حەڤدە خولەک و سی و حەوت چرکە بەردەوام دەبێت، بە میوزکێکی جیاوازتر گوزارشت لە دەرونی رووخاو و دەستبەردار بوون لە ژیان دەکرا، کە ڕیتمی میوزیک لەوانەی پێشووتر زۆر نەرمتر بوو، هەرچەندە کۆتایی دیمەن زۆر توند بوو.

تراکی بیست ویەکەم: ١:٢٢:٢٨ یەک کاتژمێر و بیست ودوو خولەک و بیست و هەشت چرکە دەستپێدەکات تا ١:٢٣:١٣ یەک کاتژمێر و بیست و سێ خولەک و سیانزە چرکە بەردەوام دەبێت، میوزیک هەر بەنەرمی دەڕوات هەرچەندە هەنگاونانە بەرەو ئازادی، بەڵام هیچ ئومێد بەخش نیە .

تراکی بیست و دووەم: ١:٢٣:٤٠ یەک کاتژمێر و بیست و سێ خولەک و چل چرکە دەستپێدەکات تا ١:٢٥:٥١ یەک کاتژمێر و بیست و پێنچ خولەک و پەنجا و یەک چرکە بەردەوام دەبێت، میوزیک بەرەو ئەوە هەستە پەلکێش دەکات، ئیتر تۆڵە دەبێتە جێگرەوەی هەستی نائومێدی و بێدەسەڵاتی.

تراکی بیست و سێیەم: ١:٢٨:٤٦ یەک کاتژمێر و بیست و هەشت خولەک و چل و شەش چرکە دەستپێدەکات تا ١:٣٠:٣٧ یەک کاتژمێر و سی خولەک و سی و حەوت چرکە بەردەوام دەبێت، میوزیک گوزارشتە لە غەمی تەنیایی و نەهامەتی و نادیاری ئیتر لێرەوە میوزیک جیاوازتر گوزارشت لە ئازارکانی کارەکتەری سەرەکی دەکات.

تراکی بیست و چوارەم: ١:٣٨:٤٥ یەک کاتژمێر و سی و هەشت خولەک و چل و پێنج چرکە دەستپێدەکات تا ١:٤١:٤١ یەک کاتژمێر و چل و یەک خولەک و چل و یەک چرکە بەردەوام دەبێت، میوزیک دەبێتە دەربڕی هەستێک ئاوێزان لە ئازاری ویژدان و خۆشەویستی و تێرامان و تۆڵە.

تراکی بیست و بێنجەم: ١:٤٤:٤٦ یەک کاتژمێر و چل و چوار خولەکە و چل و شەش چرکە دەستپێدەکات تا ١:٤٧:٥٥ یەک کاتژمێر چل و حەوت خولەک و پەنجا و پێنج چرکە بەردەوام دەبێت، میوزیک دەربڕی هەنگاونانە بەرەو تۆڵەی زیاتر و پەرت بوونی زیاتر، گەشتن بە حەسرەتی ئازارێک لە نێوان فریشتە و شەیتاندۆستیدایە.

تراکی بیست و شەشەم: ١:٥١:٠٦ یەک کاتژمێر و پەنجاو یەک خولەک و شەش چرکە دەستپێدەکات لە ١:٥٤:٥٨ یەک کاتژمێر و پەنجا و چوار خولەک و پەنجا و هەشت چرکە کۆتایی دێت، بەهەمان شێوەی میوزیکی پێشووە دەربڕی تۆڵە و رق و گرژی و ئاڵۆزی بوو.

تراکی بیست و حەوتەم: ١:٥٦:٥٢ یەک کاتژمێر و پەنجاو شەش خولەک و پەنجا و دوو چرکە دەستپێدەکات تا ١:٥٨:٤٥ یەک کاتژمێر و پەنجاو هەشت و چل و پێنج چرکە بەردەوام دەبێت، میوزیک هێواش هێواش گوزارشت لە یەکلابوونەوەی چارەنووس دەکات لە نێوان بێتاوانی و تاوانباری ناچاریدا، کە بڕاردەی دووەم دەبێتە خالیٚ یەکلاکەرەوە.

تراکی بیست و هەشتەم:٢:٠٤:١٨ لە دوو کاتژمێر و چوار خولەک و هەژدە چرکەوە دەستپێدەکات تا ٢:٠٥:٣٢ دوو کاتژمێر و پێنچ خولەک و سی و دوو چرکە بەردەوام دەبێت، میوزیک دووبارەی دەربڕینی ئازار و بێدەسەڵاتی و پەشیمانییە .

تراکی بیست و نۆیەم: ٢:٠٩:٤١ دوو کاتژمێر و نۆ خولەک و چل و یەک چرکەوە دەستپێدەکات تا ٢:١٢:١٦ دوو کاتژمێر و دوانزە خولەک و شانزە چرکە کە کۆتایی فیلمەکەیە، میوزیک کۆکراوەی هەموو دیمەنە پڕ لە ئازار و حەسرەت و بێهودەی و دابڕانەکان بوو.

**خشتەی (١)**

**دەستەی یەکەم پەیوەندی ژانر و میوزیک**

**یەکەی شیکاری بۆ پەیوەندی نێوان میوزیک و ژانرکە لە دیمەنەکاندا.**

| ژ | ژانر و میوزیک | چەندبارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| ١ | دراما | ٢٠ | %٦٤ |
| ٢ | ئاکشن | ٨ | %٢٥ |
| ٣ | ترسناک | - | - |
| ٤ | کۆمیدی | ٣ | %٩ |
| | تێکرای گشتی | ٣١ | %١٠٠ |

لەم خشتەیەدا میوزیک لەنێو ژانری دراماداا پلەی یەکەمی ڕیزبەندییەکە پێکدێنێت وەک پێکهاتەی سەرەکی فیلمەکە، لەو سۆنگەییەوە زۆربەی دیمەنەکانی فیلمەکە کەشێکی درامی لە خۆ گرتووە، ئاکشن پلەی دووەمی ڕیزبەندییەکە پێکدێنێت هەرچەندە دیمەنەکانی فیلم توندوتیژی زۆر تێدا بوو بەڵام میوزیک کەمتر ڕۆڵی گێڕا لە گوزارشتکردنی، کۆمیدیا پلەی سێیەمی ڕیزبەندییەکەیە پێکدێنێت، بەهۆی بارگرانی و ژیانی پڕ لە ئازاری کارەکتەرەکان، میوزیک کەمتر گوزارش لە نواندنە کۆمیدییەکان دەکات .

**خشتەی (٢)**

**دەستەی دووەم کاریگەریی میوزیک لەسەر هەست**

**لەم خشتەیەدا شیکاری بۆ ڕۆڵی میوزیک دەکرێت، کە تا چەند بە پێ دیمەن هەستی بینەر دەدوێنێ.**

| ژ | میوزیک و هەست | چەندبارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| ١ | غەمباری | ١٥ | %٢٨ |
| ٢ | شادی | ٣ | %٥ |
| ٣ | ترس | ٦ | %١١ |
| ٤ | تورەیی | ١٣ | %٢٤ |
| ٥ | هێمنی | ١٦ | %٣٠ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | تێکڕای گشتی | ٥٣ | %١٠٠ |

لەم خشتەیەدا هەستی هێمنی پلەی یەکەمی ڕیزبەندی ئەم دەستەییە، ئەگەرچی دیمەنەکان فیلم پڕ لە توندوتیژی بوون بەڵام چەلۆ زۆربەی کات هێمنانە ئاوێزانی دیمەن و هەست دەبوو. میوزیک بە پلەی دووەم دەبێتە دەربڕی هەستی غەمباری وەک لە خشتەکەدا دیارە. تورەیی بە پلەی سێیەم دێت بەو پێیەی دیمەنەکان توندوتیژیان لە خۆگرتبوو. هەستی ترس پلەی چوارەمی ئەم ڕیزبەندییە پێکدێنێت کە میوزیک گوزارشتی لێکردووە، گوزارشتکردن لە دەربڕینی هەستی شادی کەمترین ئەرکی میوزیکە تێدا بەرجەستە کراوە.

**خشتەی (٣)**

**دەستەی سێیەم پەیوەندی نیوان میوزیک و پلۆت**

**لەم دەستەیەشدا تیشک دەخرێتە سەر ئەو پەیوەندییەی کە میوزیک لەگەڵ پێکهاتەکانی پلۆتدا دروستی دەکات بە پێی دیمەن.**

| ژ | میوزیک و ژانر | چەندبارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| ١ | هاوتایی میوزیک و دیمەن | ١٢ | %٣٢ |
| ٢ | گۆڕانی میوزیک لەگەڵ گۆڕانی دیمەندا | ١٢ | %٣٢ |
| ٣ | ئامادەسازی میوزیک بۆ پێشهاتەکانی دواتر | ١ | %٢ |
| ٤ | میوزیک پەیام و کارکتەر و کاردانەوەکانی بەیەکەوە دەبەستێتەوە | ١٢ | %٣٢ |
| | تێکڕای گشتی | ٣٧ | %١٠٠ |

لەم خشتەیەدا بەهەمان شێوەی فیلمی ١٩٨٨ فیلمی ئالودە هاوتایی میوزیک و گۆڕانی دیمەن و گرێدانەوەی میوزیک لە نێوان پەیام و کارکتەرو کادانەوەی بە هەمان پلە دێن، کە دەکرێ بڵێن دەرخەری ستایلی کاری کۆمپۆزەر لە چۆنێتی ڕاگرتنی هاوسەنگییە لە نێوان میوزیک و دیمەندا، هەرچەندە کاری جیاوازش بن بەڵام، تێڕوانینی کۆمپۆزەر تێدا بەرجەستە دەبێت .بەم جۆرە دوبارە میوزیک لە خزمەتی پێکهاتەکانی پلوتە لە فیلمەکەدا. بەهەمان شێوە لەم فیلمدا میوزیک ئامادەسازی بۆ ڕوودانی پێشهاتەکانی دواتر کەمتر کاری لەسەر کراوە، دەشێ بارێکی ئاسایی بێت بەو پێیەی بەگشتی لە نێو فیلمدا کاری میوزیک لە بارەی ئامادەسازییەوە بۆ پێشهاتەکانی دواتر کەمتر بەهەند وەردەگیرێت، هاوکات دەشێ لای کۆمپۆزەر کەمتر جێ بایەخ بێت.

## دەرئەنجام:

١- میوزیک ڕۆڵی سەرەکی هەیە لە فیلمی ١٩٨٨دا نەک لاوەکی، کە لە فیلمی ئالودەدا کەمتر ئەو ڕۆڵە دەگێڕێت.

٢- میوزیک لە فیلمی ١٩٨٨ بە هارمۆنیەتێکی زیاتر لەگەڵ ژانری فیلم بە گشتی و پەیامە دیار و نادیارەکانی نیو فیلمەکە باڵا دەستە. ئەرکی هەریەکەیان لە دیمەنی گونجاودا بەرجەستە بکات، بەراورد بە فیلمی ئالودە کە میوزیک کەمتر هاوتایە لەگەڵ ژانر و دیمەنە پڕ لە توندتیژیەکان.

٣- میوزیک لە فیلمی ١٩٨٨لەگەڵ دیمەنەکاندا دەبێتە مایەی گوزارشت کردن لە هەستە جیاوازەکان بۆ پەلکێش کردنی بینەر، بە هۆی ئەو پەیوەندییە هارمۆنییەی لە نیوان تراکە دەنگییەکان و چیرۆکی فیلمەکەدا هەبوو، لە فیلمی ئالودەدا چەلۆ ئامێرێکی دیارە کە ئاوێزانی نێو دیمەنە پڕ لە توندوتیژ و پڕ لە ئازار و نائومێدییەکانە تارادەیەکی زۆر لە هەموو دیمەنکاندا وەک یەک ئەرکی گوزارشتکردنی هەبوو.

## پێشنیار:

هەوڵەکانی ئەم توێژینەوەیە، ڕێگەی لەبەردەم توێژەردا هەموار کرد ئەم پێشنیارانە بۆ فیلم دۆستان و خەمخۆرانی بواری سینەما بخاتە ڕوو:

١- بایەخدان بە کاریگەری میوزیک لەسەر هەستی بینەر بەهەند وەرگرتنی لە فیلمدا وەک ڕەگەزێکی سەرەکی.

٢- هەمەئاهەنگی کردنی نێوان سیناریست و دەرهێنەر و کۆمپۆزەر هەر لەسەرەتای دروستکردنی فیلمەوە لە سەرجەم هەنگاوەکاندا.

٣- وردبوونەوەی زیاتر لە هەڵبژاردنی تراکە دەنگییەکان و لێکەوتەکانیان لەسەر بنەمای ژانری فیلم.

٤- دراسەکردن و بایەخدان بە هێنانە کایەی ستایلی ئەو میوزیکانەی کە دەبنە ناسنامەیەک بۆ فیلم و هاوکات ستایلێکیش کە کۆمپۆزەری پێبناسرێتەوە.

## ڕاسپاردە:

لەسەر بنەمای هەنگاوە تیۆری و پراکتیکییەکانی ئەم توێژینەوەیە، توێژەر چەند ڕاسپاردەیەک ئاڕاستەی توێژەران و فیلمسازان دەکات:

١- لێکۆڵینەوە و ئەنجامدانی توێژینەوەی لە بارەی کاریگەری تراکی دەنگی لە بەهێزکردنی ئەزموونە سینەماییەکان لە ڕێگەی جەختکردنەوەی لەو ڕۆڵەی میوزیک دەیگێڕێ لە بروودان بە دیمەنە سینەماییەکان لە پێناو هێنانەکایەی ژینگەیەکی کە ڕەنگدەرەوەی هەست و سۆزی بینەر بێت.

٢- بەردەوام بوون لە ئەنجامدانی ئەو توێژینەوانەی بایەخ بە کارلێکی نێوان دەنگ و وێنە دەدەن و جەخت لە گرێدانەوەی نێوانیان دەکەنەوە و بۆ دروستکردنی ئەو دیمانەی دەبنە ئایکۆنێک بۆ فیلم و هەمیشە لە یادەوەری بینەردا دەمێنێتەوە.

٣- بایەخدان بە توێژینەوە بەراوردکارییەکانی پەیوەست بە تراکە دەنگییەکانی فیلمە کوردییەکان و لە سەردەمە جیاوازەکان و دەرخستنی کەموکورتییەکان و هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ڕێگەی باشتر و پێشکەووتور وگونجاندنیان بە شێوەیەکی سەردەمیانە.

٤- بەهەند وەرگرتنی ڕەهەندە شوناسیی و کەلتوورییەکان و لە میوزیکدا و بەرجەستەکردنی لە فیلمە کوردییەکاندا، بەمەبەستی دروستکردنی ڕێچکەیەک شانبەشانی فیلم، میوزیکیش بتوانێت خزمەت بە کەلتوور شوناس بکات لە ڕێی کارە سینەماییەکانەوە.

## سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی:


1. https://dictionary.apa.org/gestalt-psychology کاتی سەردان: 2/2/2025, 11:12pm.
2. https://www.britannica.com/dictionary/soundtrack کاتی سەردان: 8/1/2025, 8:36pm.
3. https://dictionary.cambridge.org/dictionary/learner-english/role کاتی سەردان: 8/1/2025, 8:00pm.
4. https://www.merriam-webster.com/dictionary/role. کاتی سەردان: 6/1/2025, 4:00pm.
5. https://www.oxfordlearnersdictionaries.com/definition/english/soundtrack کاتی سەردان: 12/1/2025, 7:1pm.
6. https://help.imdb.com/article/contribution/titles/genres/GZDRMS6R742JRGAG# کاتی سەردان: 18/1/2025, 3:42pm.
7. https://www.vocabulary.cl/english/types-of-movies-film-genres.htm:کاتی سەردان 2/2/2025,10:58pm.
8. (Audissino), Emilio: (2017), A Gestalt Approach to the Analysis of Music in Film, Linnaeus University .
9. (A number of authors): (2011), Film music influences how viewers relate to movie characters, University of chicago.
10. (Brownrigg), Mark: (2003). Film music and film genre, University of Stirling.
11. (Bondebjerg), Ib: (2015), *Film genres and genre theory*, University of Copenhagen..
12. (CIEŚLAK), AGNIESZKA:(2019), Meanings of music in film from a cognitive perspective, Institute of Musicology,University of Warsaw.
13. (Cooke),Mervyn:(2008), A History of Film Music, Cambridge University.
14. (Eerola), Tuomas: (2011), Are the Emotions Expressed in Music Genre-specific? An Audio-based Evaluation of Datasets Spanning Classical, Film, Pop and Mixed Genres, journal of new music research.
15. (Goldsmit), Melissa Ursula Dawn: (2006), Film Music: Interdisciplinary Scholarship, Analysis, Criticism, and Theory, Association of College and Research Libraries.
16. (Herget), Ann-Kristin:(2021), On music's potential to convey meaning in film: A systematic review of empirical evidence,Sage Journals.
17. (Kokkidou), May:(2022),Music Definition and Music Education: many perspectives, many voices, many questions,University of Macedonia.
18. (Mariani), Luciano:(2020), Film music Part 2: The functions of music, ResearchGate.
19. ( Mera), Miguel & (Stumpf), S.simone: (2014), Eye-tracking Film Music. Music and the Moving Image, University of Illinois.
20. (Merlini), Mattia: (2020), A Critical (and Interdisciplinary) Survey of Popular Music Genre Theories, University of Milan.
21. (Xu), Kexuan: (2022.), Analysis of the Roles of Film Soundtracks in Films. ResearchGate.
22. (Zhuang), Chenyue :(2023),The Roles of Music in Films , School of Beijing World Youth Academy, Journal of Education, Humanities and Social Sciences.

23- (احمد)، عیسانی سید:(2020)، دور الموسیقی فی تعزیز الصورة السینماتوغرافیة فی الفیلم الثوري فیلم اولاد نوفمبر انموذجا،مجلة النص، المجلد(07)،العدد(02).

24-( قاسم)، قیس عودة :(2024)،الوظیفة الدرامي للموسیقی التصویریة فلم الرسالة انموذجا-دراسة تحلیلیة، مجلة فنون البصرة، العدد(30).

25-(مصطفی)، سیروان محمد،(ابراهیم)،عبدالناصر مصطفی:(2021)، درامیة الموسیقی التصویریة فی فیلم الرسالة انموذجا،مجلة زانكۆ للعلوم الانسانیة،المجلد(25)،العدد(1).


## پاشکۆی ژمارە (١)

| ژ | ناوی شارەزایان | پسپۆڕی | بڕگەی پەسەندکراو | بڕگەی پەسەندنەکراو |
|---|---|---|---|---|
| ١ | پ.د. فواد علی احمد | ڕاگەیاندن | ١٣ | - |
| ٢ | پ.ی.د. دڵشاد مصطفی | سینەما | ١٣ | - |
| ٣ | پ.ی.د. ژیلوان طاهر | تەکنیکی سینەماو شانۆ | ٩ | ٤ |
| | | کۆی گشتی | ٣٥ | ٤ |

Available online at http://aran.garmian.edu.krd

ARAN JOURNAL
For Languages and Humanities

Aran Journal for Language and Humanities

https://doi.org/10.24271/ARAN.25.01-02-02

# "The role of soundtrack in Kurdish film genres"

**Khanda Saifadeen Hawija**

Department of Media, College of Humanities, University of Sulaimany, Kurdistan Region - Iraq

**Article Info**

| | |
|---|---|
| Received | **July, 2025** |
| Accepted | **August, 2025** |
| Published: | **October, 2025** |

**Keywords**

**Role, Soundtrack, Movie Genre.**

**Corresponding Author**

khanda.hawija@univsul.edu.iq

**abstract**

This study, titled " The role of soundtrack in Kurdish film genres" was conducted in consecutive stages from beginning to end.
The first stage begins with the Problem, "What role does the soundtrack play in determining the genre of Kurdish films? Does the soundtrack play a primary or secondary role in the film?" The main aim is to understand the role of music in the genre of Kurdish films. Learn how to identify the music that befits the genre of Kurdish films.
Understand how to find the relationship between the soundtrack and film. The study relied on a descriptive-analytical approach, and the films "Aluda-1988" were intentionally chosen as the study sample.
One of the most important conclusions reached by the researcher is that music plays a primary role in " 1988", rather than a secondary role, which is less in "Aluda ."
The composer was able to adapt the music to the film's genre and the known and unknown messages reflect the duty of each in the appropriate scene, compared to "Aluda", where the music is less aligned with the genre and violent scenes, the music in 1988 expresses different emotions to engage the audience, due to the harmonious relationship between the soundtrack and the story .
In "Aluda", the cello is a prominent instrument that mixes in the scenes full of violence, pain and despair, and has the same expressive function in all scenes to a large extent.